# تایبەتمەندییەکانی گەشە وهەژموونی شارنشینی لەپاریزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)

## (توێژینەوەیەک لە جوگرافیای شار)

**توێژینەوەیەکی وەرگیراوە لە تێزی دکتۆرا بەناوی (هاوسەنگی شوێنیی وەزیفەکان لەنێوان نێوەندە شارنشینییەکانی پارێزگای هەولێر).**


**پ.د.نەشوان شوکری عەبدوللا**
بەشی جوگرافیا
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی دهۆک
nashwan.shukri@uod.acd

**م.ئەمیر قادر عەزیز**
بەشی جوگرافیا
کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
ameer.azeez@su.edu.krd



**پوختە**

گەشەی شارنشینی یەکێکە لە دیارترین دیاردە جوگرافیەکانی جیهان، بەجۆرێک ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ لە هەندێک ناوەندی شارستانیدا کۆبوونەتەوە، کە لەدەرئەنجامدا کێشەی ناهاوسەنگیی قەبارەیی شارەکانی لێدەکەوێتەوە و پاشانیش هەژموونی شارنشینی بەدوادا دێت. پارێزگای هەولێریش لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) گۆڕانێکی گەورەی لە گەشەی شارنشینی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە بەسەر گشت لایەنەکانی سیستەمی شارنشینیی پارێزگاکە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی لەماوەی توێژینەوەکەدا بەسەر سیستەمی شارنشینیی پارێزگاکەدا هاتووە لەگەڵدەرخستنی ڕووەکانی هەژموونی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر.

پلانی توێژینەوەکەش بریتییە لە سێ تەوەر، یەکەمیان تایبەتە بە بەرەوپێشچوونی گەشەی دانیشتووان و ڕێژەی بەشارستانیبوون لە

پارێزگای هەولێر، لە تەوەری دووەمیشدا باس لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارنشینی کراوە، هەرچی تەوەری سێیەمیشە، لەمیانەی چەند چێوەرێکەوە خەسڵەتەکانی هەژموونی شارنشینی پێوانە کراوە. لە کۆتاییشدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، دیارترینیان بریتییە لە ناهاوسەنگی گەشە و زیادبوونی قەبارەیی دانیشتوانی ناوەندە شارستانییەکان، وە بەدرێژایی ماوەکەش شاری هەولێر هەژموونی خۆی سەپاندووە بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەی پارێزگاکە.

**وشە سەرەکییەکان:** گەشەی دانیشتووان ـ نمو السکان ـ Population Growth، قەبارەی دانیشتووان ـ حجم السكان ـ Population Size، گەشەی شارنشینی ـ نمو الحضری ـ Urban Growth، هەژموونی شارنشینی ـ الهیمنة الحضریة ـ Urban Primacy، سیستەمی شارنشینی ـ نظام الحضری ـ Urban System.

## ١ـ پێشەکی

گەشەی شارنشینی یەکێکە لە گرینگترین ئەو بابەتانەی کە بووەتە جێگای هەڵوەستەکردن و گرنگی پێدان لەلایەن پسپۆڕیە جیاوازەکانەوە لەنێوانیشیاندا پسپۆڕانی بواری جوگرافیا، وە لە دیارترین دیاردە جوگرافییەکانی جیهانیشە، بەجۆرێک ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان لە هەندێک ناوەندی شارستانیدا کۆبوونەتەوە و لە بەرامبەریشدا ژمارەیەکی زۆری شارەکان کەم دانیشتووانن، کە لە دەرئەنجامدا کێشەی بەرەوپێشچوونی ناهاوسەنگیی قەبارەیی شارەکانی لێدەکەوێتەوە و پاشانیش هەژموونی شارنشینی بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بەشێوەیەک شارێک یان چەند شارێک باڵادەستیی خۆیان بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەی ناوچەکەدا دەسەپێنن.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە پارێزگای هەولێر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) گۆڕانێکی گەورەی لە تێکڕاکانی گەشە و قەبارەی شارنشینی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە بەسەر فراوانبوونی شار و گردبوونەوەی

دانیشتووان لە شاری سەرەکیدا، ئەمەش لەماوەیەکی دووردا دەبێتە هۆی داڕووخانی ژینگەی شارستانیی پارێزگاکە.

**گریمانەی توێژینەوەکە بریتییە لە:**

١. گۆڕانکاریەکانی بەشاریبوون کاریگەری لەسەر تەواوی سیستەمی شارنشینی لە پارێزگای هەولێردا هەبووە.

٢. هەژموونی شارنشینی هەر لە سەرەتای ماوەی توێژینەوەکەوە بە پلەیەکی توند بەدەرکەوتووە لەگەڵ زیادبوونی پلەکەی ساڵ لەدوای ساڵ.

**ئامانجی توێژینەوە:**

١. دیاریکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی لەماوەی توێژینەوەکەدا بەسەر سیستەمی شارنشینیی پارێزگاکەدا هاتووە.

٢. دەرخستنی ڕووەکانی هەژموونی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر.

**کێشەی توێژینەوە:**کێشەی توێژینەوەکە لەمیانەی چەند پرسیارێکەوە دیاریدەکەین کە بریتین لە:ـ

١. ئایا گۆڕانکاری ڕوون و ئاشکرا لە قەبارەی شارەکاندا ڕوویانداوە؟

٢. هەژموونی شارنشینی لە سیستەمی شارنشینیی پارێزگاکەدا گەیشتووەتە چ ئاستێک؟

٣. ماوەی جیاوازیی تێکڕاکانی گەشە لەنێوان شارەکاندا چەندە کە بووەتە هۆی گردبوونەوەی دانیشتووان لە شارێکی دیاریکراو و جێگیرکردنی لە پلەبەندی هەرەمی دانیشتووانی پارێزگاکەدا.

**میتۆدی توێژینەوە:**لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە میتۆدی استقرائی وەکو میتۆدێکی سەرەکی لەگەڵ بەکارهێنانی چەندین شێوازی وەسفی و شیکاری و ئاماری لە پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی داتاکاندا.

**ناوچەی توێژینەوە:** پارێزگای هەولێر یەکێکە لە پارێزگا سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە ڕووی جوگرافیەوە لە بەشی ناوەڕاستیەوە هەڵکەوتووە، وە سەنتەرەکەی شاری هەولێرە و پایتەختی کارگێڕیی

هەرێمەکەشە. وە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق لە نێوان بازنەکانی پانی (٣٥،٢٢ و ٣٧،١٩)ی باکوور و نێوان هەردوو هێڵی درێژی (٤٣،٢٠ و ٤٥،٠٥)ی ڕۆژهەڵات. لە باکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی تورکیا و بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتیشی وڵاتی ئێرانە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و بەشی ڕۆژئاواشی سنووری پارێزگای دهۆکە، هەرچی بەشی باشوورەکەشیەتی زێی بچووک سنوورەکەی لە پارێزگای کەرکووک جیادەکاتەوە، وە لە بەشەکانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوا هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای نەینەوا. نەخشەی (١).

**نەخشەی (١) پێگەی ناوچەی توێژینەوە**

**بەگوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: ١. هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی سیستمی زانیاری و نەخشەسازی، نەخشەی عێراق و هەرێمی کوردستان. ٢. (حداد و محمود، ٢٠٠٩، ١١).

**پلانی توێژینەوە:** بەمەبەستی پێکانی ئامانج توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ سێ تەوەری سەرەکی، تەوەری یەکەم تایبەتە بە شیکردنەوەی بەرەوپێشچوونی گەشە و قەبارەی دانیشتووان و ڕێژەی بەشارستانیبوون لە پارێزگای هەولێر، لە تەوەری دووەمیشدا باس لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارنشینی پارێزگاکە کراوە، هەرچی تەوەری سێیەمیشە، لە میانەی چەند چێوەرێکەوە خەسڵەتەکانی هەژموونی شارنشینی لە پارێزگاکەدا پێوانە کراوە.

## ٢ ـ شیکردنەوەی بەرەوپێشچوونی گەشە و قەبارەی دانیشتووان لە پارێزگای هەولێر

### ٢ ـ١ـ بەرەوپێشچوونی گەشەی دانیشتووان لە پارێزگای هەولێر

لێکۆڵینەوە لە گەشەی دانیشتووان بە یەکێک لە هۆکارە پێویستەکان دادەنرێت بۆ پەردەلادان لەسەر بەرەوپێشچوونی دانیشتووان لە هەر ناوچە و هەرێمێکدا. ئەوەی کە دیاریشە پارێزگای هەولێر بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە گۆڕانکارییەکی دیمۆگرافی گەورەی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامانەی کە لە هەردوو جووڵەی سروشتی و شوێنجێیی‌دا (کۆچ) ڕوویانداوە.

ئاڕاستە و ئاستەکانی گەشەی دانیشتووان لە ڕووی کات و شوێنەوە لە پارێزگای هەولێر جیاوازیی گەورەیان بەخۆوە بینیوە، بەشێوەیەک لە هەندێ ماوەدا ئاستی گەشەی شارنشینان زۆر بەرزترە لە ئاستی گەشەی دانیشتووان بەگشتی و لە هەندێ ماوەشدا شان بەشانی یەکتر دەڕۆن، کە دەکرێت لە میانەی خشتەی (١) و شێوەی(١)دا تێبینی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەین:

١. لە ماوەی ساڵانی(١٩٥٧- ١٩٨٧) ئاستی تێکڕای زیادبوونی ساڵانەی دانیشتووانی شارنشین زۆر بەرزترە لە ئاستی تێکڕای زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووانی دێنشین و تەواوی دانیشتووانی پارێزگا و هەرێمی کوردستان، بەجۆرێک لەم ماوەیەدا بە تێکڕای گەشەی

ساڵانەی (٧.١%) قەبارەی دانیشتووانی شارنشین (٢١٥٠٠٧) کەس زیادی کردووە بەڕێژەی (٢٩٤%)، ئەم ڕێژەی زیادبوونەش زیاتر لە دوو بەرامبەری گەشەی دانیشتووانی تەواوی پارێزگاو هەرێمەکەیە کە بەدوای یەکدا ڕێژەکەیان بریتییە لە (٣.٤٧%) و (٢.٨٥%)، کەچی دانیشتووانی دێنشین لەم ماوەیەدا بەڕێژەی (٢٦.٥%) زیادی کردووە بەڕێـژەی گەشـەی ساڵانەی تەنها (١.١٨%)، بەمەش قەبارەکەی گەیشتووەتە (٥٣٠٦٦) کەس، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە رامیاریە ناساقامگیرەی کە ناوچەکە پیایدا تێپەڕیوە کە بەشۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵەکانی (١٩٦١ -١٩٦٣) دەست پێدەکات و پاشانیش بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧١ و تاوەکو دەگاتە ڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥، ئەمە سەرەڕای کاریگەری دیاریکردنی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٧٤ بە پایتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمیلە کوردستانی عێراق، هەموو ئەم ڕووداوانە بوونەتە هۆی جووڵەی دێنشینان بەرەو ناوەندی شارەکان (عزیز، ٢٠١٣، ص٦٧).

٢. دیاردەی بەشارستانیبوون و گەشەی شارستانی لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) بەردەوام بووە و بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە هەڵکشان بووە، بەجۆرێک دانیشتووانی شارنشین لەم ماوەیەدا بەرزترین ڕێژەی گەشەی بەخۆوە بینیوە بە بەراورد بە گشت ماوەکانی دیکەی توێژینەوەکە، بەشێوەیەک کە تێکڕای زیادبوونی ساڵانەی دانیشتووانی شارنشین لەم ماوەیەدا گەیشتووەتە (٧.٥٤%) کە زیاتر لە دوو بەرامبەرە لە زیادەی ساڵانەی دانیشتووانی تەواوی پارێزگاکە و هەرێم، بەمەش دانیشتووانی شارنشین بەڕێژەی زیاتر لە (١٠٦%) (٣٠٨٠٥٤) کەس زیادی کردووە، لە بەرامبەریشدا لەم ماوەیەدا دێنشینان بەڕێژەی (٣.٦٧%) کەمی کردووە، هۆکاری سەرەکیش لەمە بریتییە لەو ڕووداو و بارودۆخە ڕامیاری و ناسەقامگیرەی کە ناوچەکە پیایدا تێپەڕیوە لەم ماوەیەدا، وەکو ڕووداوەکانی جەنگی (عێراق – ئێران) لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠-

١٩٨٨) هەروەها ململانێکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دژی حکومەتی عێراق، کە دەرئەنجامی هەموو ئەمانە بوونە هۆی وێرانکردنی زۆربەی لادێکانی پارێزگاکە و کۆچ پێکردنی دانیشتووانەکەیان و کۆکردنەوەیان لە کۆمەڵگا زۆرەملێکان و ناوەندی شارە سەرەکیەکان.

خشتەی (١)

تێکڕاکانی گەشەی دانیشتووان بەپێی شار و گوند لە پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان لەماوەی نێوان (١٩٥٧ - ٢٠٢٠)

| | دێنشین | | | شارنشین | | | پارێزگا | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زیادەی دانیشتووان | | | زیادەی دانیشتووان | | | | |
| سالەکان | ژمارەی زیادبوون | % | تێکڕای گەشە % | ژمارەی زیادبوون | % | تێکڕای گەشە % | تێکڕای گەشە % | تێکڕای گەشە % |
| ١٩٥٧-١٩٧٧ | ٥٣٠٦٦ | ٢٦.٥ | ١.١٨ | ٢١٥٠٠٧ | ٢٩٤.٣ | ٧.١ | ٣.٤٧ | ٢.٨٥ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | -٧٩٠٧١ | -٣١.٢ | -٣.٦٧ | ٣٠٨٠٥٤ | ١٠٦.٩٤ | ٧.٥٤ | ٣.٦ | ٢.٧٤ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٩ | ٢٢٨٣٧٧ | ١٣١ | ٣.٨٨ | ٧١٦٠٥٩ | ١٢٠.١ | ٣.٦٥ | ٣.٧ | ٢.٧ |
| ٢٠٠٩-٢٠٢٠ | ١٢٧٨٠٦ | ٣١.٧٤ | ٢.٥٤ | ٤١١٧٣٥ | ٣١.٣٨ | ٢.٥ | ٢.٥ | ٢.٣ |
| ١٩٥٧-٢٠٢٠ | ٣٣٠١٧٨ | ١٦٤.٨ | ١.٥٦ | ١٦٥٠٨٥٥ | ٢٢٥٩.٧ | ٥٥.١ | ٣.٤ | ٢.٧ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١. الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية للتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي الموصل واربيل ولكافة العراق، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٦٣، جدول (٤) و(٨).

٢. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، محافظة اربيلولكافة العراق، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٧٨، جدول (٢).

٣. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة اربيل ولكافة العراق، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٨، جدول (١).

٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ژووری ئامار، داتای گەمارۆسازی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر(٢٠٠٩).

٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ژووری ئامار، ئاماری دانیشتووانی پارێزگای هەولێر(٢٠٢٠).

٣. لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٩٨٧- ٢٠٠٩) نزمبوونەوەیـەکی گـەورە دەردەکەوێت لە ڕێژەی گەشـەی دانیشـتووانی شـارنشـین بە بـەراورد بە ماوەکانی پێشووتر، بـەجۆرێک لـەم ماوەیـەدا ڕێژەکە دابـەزیوە بۆ (٣.٦٥%) لە بەرامبەریشـدا ڕێژەی گەشـەی دێنشـینان بەرزبووەتـەوە بـۆ(٣.٨٨%)، ئەمانـەش هـاوجووتن لەگـەڵ ڕێـژەی گەشـەی تـەواوی دانیشــتووانی پارێزگاکـە کـە بریتییـە لـە (٣.٧%)، بەمەش ڕێــژەی زیادبوونی قەبارەی دانیشتووانی شارنیشین و گوندنشین زۆر لەیەک نزیک بوونەتەوە و جیاوازیەکەیان تەنها بریتییە لە (١٠%)، بەجۆرێک ئەم جیـــاوازیە لە مـــاوەی یەکەم گەیشـــتبووە (٢٦٨%) و مـــاوەی دووەمـــیش گەیشـــتووەتە نـــزیکەی (١٠٦%)، هۆکـــاری ئەمـــەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بارودۆخـە ئـارام و سـەقامگیرەی ناوچەکـەی گرتووەتەوە بە بەراورد بە ماوەکانی پێشتر لـەدوای ڕاپـەڕینی ١٩٩١ کە گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی بەدوای خۆیدا هێناوە بـۆ ناوچـە لادێییەکان.سـەرەڕای دابـەزینی ڕێـژەی گەشـەیان بـەڵام زیادەی دانیشتووانی ناوەندە شارستانیەکان لـەم ماوەیـەدا بەڕێژەی (١٢٠%) (٧١٦٠٥٩) کـەس زیادیـان کـردووە، ئەمـەش زیـاتر لـە دوو بەرامبەرە بە زیادەی دانیشتووان لە ماوەی پێشووتر.

٤. جێگـــای ئاماژەیـــە کـــە لـــە مـــاوەی نێـــوان ســـاڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) دانیشتووان لەسەر ئاستی گشتی پارێزگا و هەریەکە لە شار و لادێ لـە یـەک ئاسـتی گەشـەدان کـە بریتییـە لـە نزیکـەی (٢.٥%)، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بـەردەوامیی باشـتربوونی بـارودۆخی ئاسـایش و ڕامیاری و ئابووریی ناوچەکە.

شێوەی (١)

تێکڕاکانی گەشەی ژینگەیی دانیشتووان لە پارێزگای هەولێر و
هەرێمی کوردستان لەماوەی نێوان (١٩٥٧ – ٢٠٢٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (١).

لە هەموو ئەمانەی کە باس کران گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتووانی ناوەندە شارستانیەکان لەماوەی توێژینەوەکەدا ئاستێکی بەرزی تۆمارکردووە، بەجۆرێک لە تەواوی ماوەکەدا ڕێژەی گەشەی شارنشینی بریتییە لە (٥،١٥%)، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و ئاستی بەرزی بەشارستانیبوون دەنوێنێ، هۆکاری ئەمەش بریتییە لەو بارودۆخەی کە وایکردووە ناوەندە شارستانیەکان ببنە ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتووان بەتایبەتیش شاری هەولێر کە بەدرێژایی مێژوو سەنتەری کارگێڕی ناوچەی کوردستانە و بووەتە جێگای چڕبوونەوەی گشت جۆرە جیاوازەکانی خزمەتگوزاریەکان و دامەزراوە حکومیەکان، لەلایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی ئەم شارە بە ڕووی جیهانی ئابووری و شارستانیی دەرەوە. ئەمەش بێگومان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر لایەنی خزمەتگوزاریەکان لەنێوان یەکە کارگێڕیەکاندا.

## ٢ ـ ٢ ـ بەرەوپێشچوونی قەبارەیی دانیشتووان و ڕێژەی بەشارستانیبوون

گومانی تیادا نییە کە قەبارەی دانیشتووان لە گشت بوارەکانی زانستە مرۆییەکان بە شادەماری توێژینەوەکان دادەنرێت، وە تەوەرێکی سەرەکیشە کەوا کێشە مرۆییەکان بەدەوریدا دەخولێنەوە، هەروەها پلانەکانی پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنیش لەسەر ئەم بونیادنراون. قەبارەی دانیشتووان لە هەر یەکەیەکی شوێنیدا وەکو ئاوێنەیەک وایە کە پێوەرەکانی سەنگی ئابووری و باڵانسە مرۆییەکان تیایدا بەدەردەکەون، بەجۆرێک هەر گۆڕانکارییەک لە قەبارەی دانیشتووان جا چ بەرەو زیادە یان کەمبوونەوە بێت بە گرنگیەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر نرخی پێوەرەکانی پێشوو (هروری، ٢٠١٢، ص٨٥) هەر لەبەر ئەمەشە کە قەبارەی دانیشتووان گرنگیەکی گەورەی هەیە سەبارەت بە گشت هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، بۆیە پێویستە جۆرێک لە هاوسەنگی بەدی بهێنرێت لەنێوان قەبارەی دانیشتووان و دەرامەتە بەردەستەکان کە بە قەبارەی نموونەیی دانیشتووان ناسراوە (عطوی، ٢٠٠١، ص٧٧).

### ٢ ـ ٢ـ ١ـ بەرەوپێشچوونی قەبارەیی دانیشتووان و ڕێژەی بەشارستانیبوون لەسەر ئاستی پارێزگا

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧ – ٢٠٢٠) کە ماوەی توێژینەوەکەمانە قەبارەی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر بەشێوەیەکی بەرچاو لە بەرزبوونەوەدایە، بەتایبەتیش دانیشتووانی شارنشین، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی گەورە بەدی دەکرێت لەڕێژەی بەشارستانیبوون لە ماوەیەک بۆ ماوەیەکی تر کە دەکرێت بە سەرنجدان لە خشتەی (٢) ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە بخەینەڕوو:

١. دانیشتووانی شارنشین لە ساڵی (١٩٥٧) تەنها (%٢٦.٧٢) لە کۆی دانیشتووانی پارێزگای هەولێریان پێکهێناوە، وە ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (١٩٧٧) بەرزبووەتەوە بۆ (%٥٣.٢)، پاشان ڕێژەکە بەشێوەیەکی

بــەرچاو هەڵکشــاوە و لــە ســاڵی (١٩٨٧) گەیشــتووەتە (٧٧.٣٧%)، ئەمــەش بــەرزترین ڕێــژەی شارنشــینە کــە ئــەم پارێزگایــە بــەخۆوەی بینیبێت لە تەواوی ماوەی توێژینەوەکەدا، هۆکاری ســەرەکیش لەمــەدا بۆ کاریگەری ئەو کۆچە فراوانە دەگەڕێتەوە کە حکومــەتی عێراقــی لــە هەشــتاکانی ســەدەی ڕابــردوو بــە دانیشــتووانی گوندنشــینی کــردووە بــەرەو ناوەنــدە شارســتانیەکانی پارێزگاکــە (ســلیم و ســعید، ٢٠١٤، ل١٤٨).

٢. بــە درێژایــی مــاوەی ســاڵانی توێژینەوەکــە پەیوەندیــەکی پێچەوانــەی قەبارەیی بەدی دەکرێت لە نێوان دانیشــتووانی شارنشــین و دێنشــیندا، بــەجۆرێک بــە تێپــەڕبوونی کــات ڕێــژەی قــەبارەی شارنشــینان لــە بەرزبوونــەوەدا بــووە، بەشــێوەیەک لــە ســەرەتای ماوەکــەدا لــە (٢٦.٧٢%) بەرزبووەتــەوە بــۆ (٧٦.٤٧%) لــە کــۆی دانیشــتووانی پارێزگاکــە، لــە بەرامبەریشــدا لــە هــەمان مــاوەدا ڕێــژەی قــەبارەی دێنشــینانی پارێزگاکــە لــە (٧٣.٢٨%) دابــەزیوە بــۆ تــەنها (٢٣.٥٣%)، ئەمــــەش ئاماژەیــــەکی ڕوون و ئاشــــکرا و پلەیــــەکی بــــەرزی بەشارســتانیبوونی دانیشــتووانی پارێزگــای هــەولێر دەردەخــات. ئەمــە سەبارەت بە دانیشتووانی هەرێمی کوردستانیش هەر ڕاستە.

خشتەی (٢)

**قەبارە و ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان بەپێی پێکهاتەی ژینگەیی (١٩٥٧- ٢٠٢٠)**

| ساڵ | قەبارەی دانیشتووانی پارێزگا | | | | | قەبارەی دانیشتووانی هەرێم | | | | | %ی پارێزگا لە هەرێم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | لادێ | % | شار | % | کۆ | لادێ | % | شار | % | کۆ | لادێ | شار | کۆ |
| ١٩٥٧ | ٢٠٠٣٢٦ | ٧٣.٢٨ | ٧٣٠٥٧ | ٢٦.٧٢ | ٢٧٣٣٨٣ | ١٠٨٦٣٣١ | ٧١ | ٤٤٣٧١٢ | ٢٩ | ١٥٣٠٠٤٣ | ١٨.٤٤ | ١٦.٤٧ | ١٧.٨٧ |
| ١٩٧٧ | ٢٥٣٣٩٢ | ٤٦.٨ | ٢٨٨٠٦٤ | ٥٣.٢ | ٥٤١٤٥٦ | ١٣٨١٦٨٩ | ٥١.٤ | ١٣٠٦٤٢٢ | ٤٨.٦ | ٢٦٨٨١١١ | ١٨.٣٤ | ٢٢ | ٢٠.١٤ |
| ١٩٨٧ | ١٧٤٣٢١ | ٢٢.٦٣ | ٥٩٦١١٨ | ٧٧.٣٧ | ٧٧٠٤٣٩ | ١١٦٣٣٨٧ | ٣٣ | ٢٣٦٢٠٢٨ | ٦٧ | ٣٥٢٥٤١٥ | ١٤.٩٨ | ٢٥.٢٤ | ٢١.٨٥ |
| ٢٠٠٩ | ٤٠٢٦٩٨ | ٢٣.٤٨ | ١٣١٢١٧٧ | ٧٦.٥٢ | ١٧١٤٨٧٥ | ٢٠٩١١٠١ | ٣٣ | ٤٢٤٤٠٨٠ | ٦٧ | ٦٣٣٥١٨١ | ١٩.٢٦ | ٣٠.٩٢ | ٢٧ |
| ٢٠٢٠ | ٥٣٠٥٠٤ | ٢٣.٥٣ | ١٧٢٣٩١٢ | ٧٦.٤٧ | ٢٢٥٤٤١٦ | ٢٦١٩٤٠٣ | ٣٢ | ٥٥٦٦٢٣١ | ٦٨ | ٨١٨٥٦٣٤ | ٢٠.٢٥ | ٣٠.٩٧ | ٢٧.٥ |

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (١).

٣. سەرەڕای ئەوەی کە قەبارەی دانیشتووانی شارنشین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەکە لە بەرزبوونەوەدا بووە، بەجۆرێک ڕێژەی قەبارەکەیان لە (٢٩%) لە کۆی دانیشتووانی هەرێمەکە بەرزبووەتەوە بۆ (٦٨%) لە کۆتایی ماوەکەدا، بەڵام بە بەراوردکردنی لەگەڵ پارێزگاکە، ئەوا دەردەکەوێت کە جگە لە سەرەتای ماوەکەدا لە ساڵی(١٩٥٧) کە ڕێژەی قەبارەی شارنشینانی هەرێم بەرزترە لە پارێزگا، بەڵام لە تەواوی ماوەکانی دیکەدا دانیشتووانی شارنشینی پارێزگا ڕێژەی قەبارەیان بەرزترە لە هەرێم، بەجۆرێک کە بەرزترین ڕێژەی شارنشین لە پارێزگاکە لە ساڵی (١٩٨٧) تۆمارکراوە و بریتییە لە (٧٧.٣٧%)، کەچی لە هەرێمدا ئەم ڕێژەیە لە هەمان ماوەدا گەیشتووەتە (٦٧%) واتە بە جیاوازی زیاتر (١٠%)، وە ماوەکانی دیکەش بەدوای یەکدا جیاوازیەکەیان بریتییە لە (٤.٦، ٩.٥٢، ٨.٤٨%).

٤. ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگا لە هەرێم لە تەواوی ماوەی توێژینەوەکە لە بەرزبوونەوەدا بووە، ئەمەش گرینگی پارێزگای هەولێر دەردەخات سەبارەت بە چڕبوونەوەی دانیشتووان بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە، بەجۆرێک لە سەرەتای ماوەکەدا پارێزگای هەولێر تەنها (١٧.٨٧%)ی قەبارەی دانیشتووانی هەرێمی پێکهێناوە، کەچی لە کۆتایی ماوەکەدا ئەم ڕێژەیە بەرزبووەتەوە بۆ (٢٧.٥%) بە جیاوازی نزیکەی (١٠%) لەنێوان هەردوو ماوەکەدا، بەم شێوەیەش پارێزگای هەولێر زیاتر لە چواریەکی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی لەخۆ گرتووە.

٥. گرینگی ڕێژەیی دانیشتووانی شارنشینی پارێزگا لە هەرێم بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بووە، بەشێوەیەک لە ماوەی توێژینەوەکەدا لە (١٦.٤٤%) زیادی کردووە بۆ(٣٠.٩٧%)، بەمەش جیاوازی نێوان سەرەتا و کۆتایی ماوەکە گەیشتووەتە نزیکەی (١٥%)، کەچی ئەم

تایبەتمەندییە لە دانیشتووانی دێنشین بەدی ناکرێت، بەجۆرێک لە تەواوی ماوەی توێژینەوەکە کەمتر لە (٢%) زیادی کردووە.

## ٢ ـ ٢ـ ٢ـ بەرەوپێشچوونی قەبارەی دانیشتووان و ڕێژەی شارستانی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگای هەولێر

ئەوەی تایبەتە بە بەرەوپێشچوونی قەبارەیی و ڕێژەی بەشارستانیبوون لەسەر ئاستی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگای هەولێر، ئەوا لە ماوەی توێژینەوەکەدا جیاوازیەکی گەورە بەدی دەکرێت هەم لە ڕووی کات وە هەم لە ڕووی شوێنەوە هەروەکو لە خشتەی (٣) دەردەکەوێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. هەڵبەزو دابەزێکی گەورە بەسەر ژمارەی ناوەندە شارستانیەکاندا هاتووە، بەجۆرێک ژمارەکەیان لە ساڵی (١٩٥٧) لە (١٨) ناوەندەوە زیادی کردووە بۆ (٢٢) ناوەند لە ساڵی (١٩٧٧)، کەچی لە ساڵی (١٩٨٧) ژمارەکەیان داکشاوە بۆ تەنها (١٣) ناوەند، هۆکاری سەرەکیش لەمە دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرە ڕامیاریەکان کە ئەویش خۆی لە چۆڵکردنی هەندێک ناوەند دەبینێتەوە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی جەنگی عێراق- ئێران کە ئەم ناوچانە ببوونە گۆڕەپانی جەنگ لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە ئەو سیاسەتەی کە حکومەتی ناوەند دژ بە ناوەندەکان پەیڕەوی کرد کە خۆی لە لێسەندنەوەی سیفەی کارگێڕی دەبینێتەوە لە بەشێک لە ناوەندەکان (سلیم و سعید، ٢٠١٤، ١٥٠-١٥١). پاشان جارێکی تر ژمارەی ناوەندە شارستانیەکان بەرز دەبێتەوە بەجۆرێک لە ساڵی (٢٠٠٩) ژمارەکەیان دەگاتە (٤٦) ناوەند، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تەواوی ئەو ناوەندانەی سیفەی کارگێڕییان هەبووە دوا بەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ ئەم سیفەیەیان پێدەدرێتەوە، ئەمە وێڕای پێدانی سیفەی کارگێڕی بە بەشێکی تر لە ئەنجامی پێداویستیی قۆناغەکە (سلیم و سعید، ٢٠١٤، ١٥١).

٢. سەبارەت بە قەبارەی دانیشتووانی سەنتەرە شارستانیەکان، بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە ئەمەش لە ئەنجامی گەشەی سروشتیی دانیشتووان لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە لە ئەنجامی کۆچی دانیشتووانەوەیە کە لە ماوە جیاوازەکاندا ڕوویانداوە بەهۆی ناسەقامگیری و بارودۆخە ڕامیاریەکانەوە، بەڵام هەندێک لە شارەکان بارودۆخێکی ناسروشتییان تێدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥٧ هەریەکە لە کۆیە و ڕواندز و شەقڵاوە لە دوای شاری هەولێرەوە سێ گەورەترین ناوەندی شارستانین بە قەبارەکانی (٨٤٨٢) و (٨٢٣٧) و (٤١٩٦) کەس، شاری کۆیە تا کۆتا ماوەی توێژینەوەکە سەنگی خۆی لەنێو سیستەمەکەدا پاراستووە، بەڵام دوو شارەکەی تر پاشەکشەیان کردووە بەجۆرێک ڕواندز تا کۆتایی ماوەکە قەبارەکەی کەمتر لە دوو ئەوەندە زیادی کردووە، لە بەرامبەریشدا چەند شارێکی دیکەی قەبارە گەورە هاتوونەتە پێش وەکو ( عەنکاوە، دیانا، سۆران، کەسنەزان، بنەسڵاوە، هەریر).

٣. ڕێژەی دانیشتووانی شارنشین بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە لە هەریەکە لە ناوەندەکانی شاری هەولێر و شەقڵاوە گەیشتووەتە (١٠٠%) جگە لە ساڵی (١٩٨٧) کە ناوەندی شاری هەولێر ڕێژەکەی گەیشتووەتە (٩١.٨%). هۆکاری ئەمەش تەنها ڕەنگدانەوەی گرینگی ئەم شارانە بۆ ڕاکێشانی دانیشتووان ناگەیەنێت بەهۆی ئەوەی کە ناوەندێکی گرنگی کارگێڕی و خزمەتگوزارین، بەڵکو بۆ نەبوون یاخود کەمیی نشینگە لادێییەکانی سەر بەم ناوەندانە دەگەڕێتەوە.

٤. ڕێژەی شارنشین لەنێوان ناوەندە شارستانیەکاندا بەگوێرەی کات و شوێن جیاوازە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەک لە ساڵی١٩٥٧ جگە لە ناوەندەکانی شاری هەولێر و شەقڵاوهکە ڕێژەی شارنشین گەیشتووەتە (١٠٠%)، ناوەندی کۆیە و ڕواندزیش بەدوای یەکدا بەرزترین ڕێژەی شارنشینیان لەخۆگرتووە کە بریتییە لە

(٣٧.٤%) و (٣٠.٧%)، بەجۆرێک قەبارەی دانیشتووانەکانیان لەدوای ناوەندی هەولێرەوە دوو گەورەترین قەبارەی شارنشینین و ژمارەی دانیشتووانەکانیان بریتییە لە (٨٤٨٢) و (٨٢٣٧) کەس، وە (١١) ناوەندیش ڕێژەی شارستانییان کەمتر بووە لە (٩%)، لەنێوان ئەمانەشدا نزمترین ڕێژە لە هەریەکە لە ناوەندەکانی (تەقتەق و باقرت) تۆمارکراوە کە بەدوای یەکدا ڕێژەکەیان بریتییە لە (٣.٣٤%) و (٢.٥%) بە ژمارە دانیشتووانی (٤٥٠) و(٢٥٤) کەس بۆ هەریەکێکیان، دەکرێت بڵێین هۆکاری ئەمەش بریتییە لە زۆری نشینگە لادێییەکانی سەر بەم ناوەندانە کە زۆرترین ژمارەی دانیشتووانیان تیادا کۆ بووەتەوە بە بەراورد بە ناوەندە شارستانیەکانی دیکە.

٥. لە ساڵی ١٩٧٧ گۆڕانکاری بەرچاو بەسەر ڕێژەی بەشارستانیبوون لە ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگاکەدا هاتووە بە بەراورد بە ماوەی پێشووتر، بەجۆرێک جگە لە هەریەکە لە ناوەندەکانی شاری هەولێر و شەقڵاوە کە پێگەی خۆیان پاراستووە و ناوەندی چۆمانیش وەکو ناوەندێکی نوێ ڕێژەی (١٠٠%)ی شارنشینیان تۆمارکردووە، ئەوا هەریەکە لە ناوەندەکانی (کۆیە، ڕواندز، مەخموور) بەرزترین ڕێژەی شارستانیان تۆمارکردووە کە بەدوای یەکدا ڕێژەکانیان بریتییە لە (٦٣، ٥٦.٢، ٥٠%)، وە نزمترین ڕێژەی شارستانیش لە ناوەندەکانی (قوشتەپە و شۆڕش) تۆمار کراوە بەڕێژەکانی (٤، ٣.٨%) بەدوای یەکدا، ئەمەش بەهۆی زۆری ژمارەی نشینگە لادێییەکانی سەر بەم ناوەندانە لە لایەک و لەلایەکی دیکەشەوە ئەم ناوەندانە لەم ماوەیەدا تازە دروست بوون، وە شەش ناوەندیش زیاتر لە سێ بەرامبەری ڕێژەی شارنشینیان بەرزبووەتەوە.

## خشتەی (٣)

**قەبارەی دانیشتووان و ڕێژەی شارستانی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ژ | ناوەندە شارستانیە کان | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٩ | | ٢٠٢٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | قەبارەی دانیشتوان | ڕێژەی شارستانی % | قەبارەی دانیشتوان | ڕێژەی شارستانی % | قەبارەی دانیشتوان | ڕێژەی شارستانی % | قەبارەی دانیشتوان | ڕێژەی شارستانی % | قەبارەی دانیشتوان | ڕێژەی شارستانی % |
| ١ | ناوەندی هەولێر | ٣٩٩١٣ | ١٠٠ | ١٩٣٥٥٨ | ١٠٠ | ٤٤٥٩٣٧ | ٩١.٨ | ٦٧٨٢٦١ | ١٠٠ | ٨٩٣٠٤٣ | ١٠٠ |
| ٢ | عەنکاوە | ٢٨٥٨ | ٦.٤ | ٥٧٥٥ | ١٩ | ١٩٣٤٠ | ٢٦.٦ | ٢٢٠٢١ | ١٠٠ | ٢٨٩٤١ | ١٠٠ |
| ٣ | شەقڵاوە | ٤١٩٦ | ١٠٠ | ٩٨٢٦ | ١٠٠ | ١٧٥٦٥ | ١٠٠ | ٢١٣٢٢ | ١٠٠ | ٢٨٠٨١ | ١٠٠ |
| ٤ | هەریر | ٩٤٨ | ٥ | ٣٧٥٥ | ٢٣ | ١٦٦٣٣ | ٦٢.١ | ٢٤٨٤١ | ٧٣.٣ | ٣٢٧٥٦ | ٧٣.٥ |
| ٥ | خۆشناو(هیرا) | ٦٨٩ | ٧.٣ | ١٢٢٠ | ١٣ | - | | ١٦٩١ | ٣٦.١ | ٢٢٣٢ | ٣٥.٣٥ |
| ٦ | سەلاحەدین | ٥٨٦ | ٥.١٤ | ٤٤٥١ | ٢٢.٤ | ٧١٢٩ | ٣٤ | ٣٠٩٨٢ | ٧٣ | ٤١٦٣٣ | ٧٣.٨ |
| ٧ | مەخمور | ١٥٣٤ | ٢٣.٣ | ٥٣٠٧ | ٥٠ | ١٢٧٨٥ | ٧٤.٤ | ١٥٣١٨ | ٣٥.٩ | ١٩٩٩٦ | ٣٥.٥ |
| ٨ | گوێڕ | ٧٧٩ | ٥.٢٧ | ٢٠٠٨ | ٨.٨ | ٣١١٧ | ١٨.٢٨ | ٨١٣٧ | ١٣.٣٥ | ١٠٧٥٧ | ١٣.٢ |
| ٩ | کەندێناوە (دیبەگە) | ١٤٩٩ | ٧.٨ | ٢٥٧٨ | ١٨.٣ | - | | ٢٧٩١ | ١٦.٨ | ٣٦٨٧ | ١٦.٨ |
| ١٠ | قەراج (باقرت) | ٢٥٤ | ٢.٥ | - | ٠ | ١٤٦٩ | ١٨.٨ | ٢٩٤٢ | ٨.٩٤ | ٣٨٨٧ | ٩.٣ |
| ١١ | کۆیە | ٨٤٨٢ | ٣٧.٤ | ١٥٣١٩ | ٦٣ | ٣٩٤٨٤ | ٩٧ | ٥٣٠٣١ | ٨٩.٦٧ | ٦٨٦٩٩ | ٨٩.٥٧ |
| ١٢ | تەق تەق | ٤٥٠ | ٣.٣٤ | ١٤٧٧ | ٩.٥ | - | | ١٦٩٣٥ | ٨١.٥ | ٢١٩٠٦ | ٨١.٦٨ |
| ١٣ | ڕواندز | ٨٢٣٧ | ٣٠.٧ | ٨٥٨٣ | ٥٦.٢ | ٨٦١٦ | ٩٠.٢ | ١٠٩٩٢ | ٦٤.٩ | ١٤٥٤٥ | ٦٦.٤ |
| ١٤ | باڵەک(گەلاڵە) | ٩٩٢ | ٨ | ٦٦٦٠ | ٤٢.٢ | - | | ٥١٥ | ٣٠ | ٦٧٦ | ٢٩.٨ |
| ١٥ | برادۆست (سیدەکان) | ٤٥٨ | ٨.١ | ٩٤٩ | ٩.٥ | - | | ٣٢٠٦ | ٢٣.٣٥ | ٤٢٢٢ | ٢٢.٦ |
| ١٦ | زێبار (مێرگەسۆر) | ٤١٣ | ١١ | ٤٥٥٥ | ٤٢.٩ | - | | ١٢٧١ | ١٠٠ | ١٦٥٦ | ١٠٠ |
| ١٧ | بارزان | ٤٥٨ | ١٩.٢ | - | ٠ | - | | ٦٨٤٣ | ٣٩.٨ | ٨٨٦٠ | ٤٠ |
| ١٨ | مزوری باڵا (شێروان مەزن) | ٣١١ | ٤.٤٤ | ١٦٣٥ | ١٥.٢ | - | | ٧٤٣ | ١٩.١ | ٩٧٨ | ١٩.٣ |
| ١٩ | قوشتەپە | | | ١١١٧ | ٤ | - | | ١٣٧٩٨ | ٥٣.٦ | ١٨١٩٦ | ٥٣.٧ |
| ٢٠ | دیانا | | | ٧٠٨٤ | ٢٦.٣ | ١٢٣٢٦ | ٤٥.٤ | ٤٧٦٧٦ | ٨٥.٥ | ٦٢٨١١ | ٨٥.١ |
| ٢١ | خەبات | | | ٣١٩٢ | ١٧.٦ | - | | ٢٨٥٦١ | ٨٦.٥ | ٣٧٦٥٤ | ٧٦.٥ |
| ٢٢ | شۆڕش (دێگەڵە) | | | ٣١٣ | ٣.٨ | - | | ٤٠١ | ٧.١٣ | ٥٠٥ | ٦.٩٨ |
| ٢٣ | خەلیفان | | | ٣٧٠٠ | ٢٩.٣ | ٦٠٥٠ | ٣٩ | ١٨٢٢٧ | ٥٦.٦ | ٢٣٩٩٦ | ٥٦.٢٤ |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٤ | چۆمان | | | ٥٠٢٢ | ١٠٠ | - | | ٨٩٦٠ | ٨٧.٧ | ١١٧٩٠ | ٨٧.٦ |
| ٢٥ | حاجی ئۆمەران | | | - | | - | | ١٤١٧ | ٤١.٩ | ١٨٦١ | ٤١.٧ |
| ٢٦ | صدیق (سۆران) | | | | | ٥٦٦٧ | ٤٩.٧ | ٥٣٢٣٠ | ١٠٠ | ٧٠١٢٦ | ١٠٠ |
| ٢٧ | بەحرکە | | | | | | | ٢٨٠٢٧ | ٦٢.١٢ | ٣٦٧٢٦ | ٦٢.١ |
| ٢٨ | شەمامک (پیرداود) | | | | | | | ١٧٧٦ | ٣,٧٥ | ٢٣٣٠ | ٣.٧٢ |
| ٢٩ | بنەسڵاوە | | | | | | | ٤٨٠٩٩ | ٩٩.٣ | ٦٢٨٨٢ | ٩٩.٢٧ |
| ٣٠ | دارەتوو | | | | | | | ٤٤٤٣٣ | ٨٥.٤ | ٥٨٠١٥ | ٨٥.٤ |
| ٣١ | کەسنەزان | | | | | | | ٥٤٢٠٦ | ٩٠.٦٧ | ٧١٢٠٣ | ٩٠.٢ |
| ٣٢ | ئاشتی | | | | | | | ٨١٥ | ١٩.٣٨ | ١٠٥٩ | ١٨.٨ |
| ٣٣ | سێگرتکان | | | | | | | ١١٤٥ | ٣٦.٧ | ١٤٧٢ | ٣٦.٥ |
| ٣٤ | سکتان | | | | | | | ٩٣٧ | ٣٨.٦ | ١٢١١ | ٣٩.٩٦ |
| ٣٥ | باسرمە | | | | | | | ٦١٧٦ | ٣٣.٥ | ٨١٣٦ | ٣٣.٩٣ |
| ٣٦ | بالیسان | | | | | | | ١١٥٩ | ٢٦.٢ | ١٥٢٣ | ٢٦.١ |
| ٣٧ | کەورگۆسک | | | | | | | ٨٨٢٨ | ٦٠ | ١١٦٦٢ | ٦٠ |
| ٣٨ | دارەشەکران (قەرەقاجین) | | | | | | | ٣٨٤ | ٤.١ | ٥٠٧ | ٤.١ |
| ٣٩ | ڕزگاری | | | | | | | ٢٨١٣٢ | ٧٧.٣ | ٣٥٣٧١ | ٧٦.٣ |
| ٤٠ | وەرتێ | | | | | | | ١٧٦٩ | ٣٧.٥ | ٢٣٣٧ | ٣٨.٢ |
| ٤١ | سمیلان | | | | | | | ٧١١ | ١٤,٥ | ٩٣٤ | ١٣,٩ |
| ٤٢ | قەسرێ | | | | | | | ٢٩٠٧ | ٥٥.١ | ٣٨١٢ | ٥٠.١ |
| ٤٣ | مەلاقەرە | | | | | | | ٢١٤٨ | ١٠ | ٢٨٣٨ | ١٠ |
| ٤٤ | مەزنێ | | | | | | | ٢٣٥٨ | ٤٠.٩ | ٣٠٩٠ | ٤٠.٩ |
| ٤٥ | پیران | | | | | | | ١٨٣٥ | ٢٥.٧ | ٢٤١٢ | ٢٦.٤ |
| ٤٦ | گۆڕەتوو | | | | | | | ٢٢٢٠ | ٢١.٤ | ٢٨٩٨ | ٢٢.٣ |
| کۆی گشتی | | | | | | | | ١٣١٢١٧٧ | ٧٦.٥١ | ١٧٢٣٩١٢ | ٧٦.٤٦ |

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (١).

٦. پارێزگای هەولێر لە ساڵی ١٩٨٧ گەورەترین گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە لە ڕووی ڕێژەی بەشارستانیبوونەوە، بەجۆرێک لە هەندێ ناوەنددا ڕێژەی دانیشتووانی شارنشین بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە هەروەکو لە هەردوو ناوەندی کۆیە و ڕواندز کە بەدوای یەکدا ڕێژەی (٩٧%) و (٩٠.٢%) لە دانیشتووانی یەکە کارگێرییەکانیان پێکهێناوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ وێرانکردن و چۆڵکردنی ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی ئەم ناوچانە لەگەڵ چۆڵکردنی بەشێک لەشارەکان و کۆچکردنی دانیشتووانەکەیان

بۆ ئەم ناوەندانە، وە هەریەکە لە ناوەندەکانی مەخموور و هەریر بەدوای یەکدا ڕێژەی (٧٤.٤%) و (٦٢.١%) لە دانیشتووان یەکە کارگێڕیەکانیان لەخۆگرتووە، وە نزمترین ڕێژەش بەر هەریەکە لە ناوەندەکانی باقرت و گوێڕ کەوتووە بەڕێژەکانی (١٨.٨%) و (١٨.٢٨%) بەدوای یەکدا.

٧. هەردوو ماوەی ساڵەکانی (٢٠٠٩) و(٢٠٢٠) هەمان تایبەتمەندییان هەیە، چونکە داتاکانی دانیشتووانی ساڵی ٢٠٢٠ بە پشتبەستن بە جێکەوتەی دانیشتووانی ساڵی ٢٠٠٩ دەرهێنراون، دەکرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە هەریەکە لە ناوەندەکانی( هەولێر، عەنکاوە، شەقڵاوە، مێرگەسۆر، سۆران) ڕێژەی شارنشینیان گەیشتووەتە (١٠٠%)، وە ڕێژەی دانیشتووانی شارنشین لە (٧) ناوەندی دیکە بەرزترە لە (٨٠%)، هەروەها ئەم ڕێژەیە لە (٩) ناوەندی شارستانیی تر لە نێوان(٥٠ – ٨٠%)دایە، وە تەواوی ناوەندەکانی دیکە لە خوار ئەم ڕێژەیەوەن، بەجۆرێک نزمترین ڕێژەی شارنشینی لە ناوەندەکانی دارەشەکران و شەمامک تۆمارکراوە بە ڕێژەکانی (٤.١%) و (٣.٨٥%) بەدوای یەکدا.

لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە و ژمارەیان زیادی کردووە، وە هەروەها جگە لەوەی کە قەبارەی دانیشتووانەکانیان گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە چڕبوونەوەی دانیشتووان لەناوەندە شارستانیەکاندا بە ڕێژەیەکی بەرز زیادی کردووە، بەو واتایەی کە ڕێژەی بەشارستانیبوون بەجیاوازیەکی گەورە لەنێوان سەرەتا و کۆتایی ماوەکەدا ڕوویداوە.

### ٣ ـ تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر

توێژکردن لە سیستەمی شارنشینی لەو بابەتانەیە کە بووەتە جێگای بایەخ پێدان لەلایەن زۆرێک لە توێژەرانی بواری پلاندانانی شارستانی و

هەرێمی، چونکە گرینگیەکی کرداری هەیە لە چارەسەرکردنی زۆرێک لە گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕیی ڕێکخراوەییەکان لەسەر ئاستی وڵاتێک یاخود هەرێمێکی پێشکەوتوو یان گەشەسەندوو (الجارالله، ١٩٩٦، ٤). شێوازەکانی شیکردنەوەی سیستەمی شارنشینی بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەکرێت بۆ سێ ئاراستەی سەرەکی، قەبارەیی، شوێنی، وەزیفی، ئەوەی تایبەتە بە شیکردنەوەی قەبارەیی ئەوەیە کە لە دابەشبوونی قەبارەیی شارەکان دەکۆڵێتەوە و گرینگی دەدات بە تێگەیشتن و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی قەبارە جیاوازەکانی شار (ابو قرين، ٢٠١٤، ٥)، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین یاسا و پێوەری جۆراوجۆر بوونیان هەیە. بەمەبەستی توێژکردنی سیستەمی شارستانی پارێزگای هەولێر سێ لە گرینگترین و دیارترین ئەم پێوەرانە بەکاردەهێنین کە بریتین لە، یاسای پلەبەندی و قەبارە، یاسای شاری یەکەم، وە نیشاندەری هاوسەنگیی شارستانی و چەند پێوەرێکی دیکە.

### ٣ ـ ١ـ بەرەوپێشچوونی لایەنەکانی سیستەمی شارنشینی (١٩٥٧ – ٢٠٢٠)

سیستەمی شارنشینی لە هەر ناوچە و هەرێمێکدا بارێکی دینامیکی و ناجێگیرە کە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێکی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتیە کە بەسەر ناوچەکەدا دێت. لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا چەندین نیشاندەر و پێوەری جۆراوجۆری ژمارەیی گشتی و تایبەت بەکاردەهێنین بە مەبەستی دەرخستنی خەسڵەت و تایبەتمەندی و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێردا ڕوویداوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە بە مەبەستی پەردەلادان لەسەر لایەنەکانی کەموکوڕی پەیکەری شارستانی ئەم سیستەمە.

### ٣ ـ ١ـ١ـ هەندێ نیشاندەری گشتی لە گۆڕانکاریەکانی پەیکەری سیستەمی شارستانی

نیشاندەرە گشتییە ژمارەییەکان هەریەکەو دەرخەری بەشێکن لەو ڕاستیانەی کە لە بەرەوپێشچوونی شارەکاندا ڕوودەدات، بەجۆرێک لە کۆتاییدا وێنەیەکمان نیشان دەدا لە سروشت و بەرەوپێشچوونی و پلەی ناهاوسەنگی سیستەمی شارستانیی ناوچەکە. لە توێژینەوەکەماندا تیشک دەخەینە سەر بەشێکیان وەکو سەرەتایەک و دەروازەیەک بۆ پێوانەکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر پەیکەری شارنشینی پارێزگای هەولێردا هاتووە. کە دەکرێت لە میانەی خشتەی (٤) چەند خاڵێک تێبینی بکەین بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. ژمارەی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگای هەولێر لەماوەی توێژینەوەکەدا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بەرەوپێشچوونە خێرایەی کە بەسەر گەشەی شارستانیی پارێزگاکەدا هاتووە لەم ماوەیەدا. بەجۆرێک ژمارەی ناوەندەکان لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩) سێ بەرانبەر زیادی کردووە، واتە لە ماوەی (٥٢) ساڵدا لە (١٨) ناوەندەوە بووە بە (٤٦) ناوەند، وە دواتریش تاوەکو ئێستا بە جێگیری ماوەتەوە.
٢. لە ئەنجامی گەشەی بەردەوامی دانیشتووانی ناوەندە شارستانیەکان لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو گۆڕانکاریانەی لە ماوە جیاجیاکانی توێژینەوەکەدا بەسەر ژمارەی ناوەندەکاندا هاتووە بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە ناوەندی قەبارەی شارەکان، بەجۆرێک لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧) ناوەندی قەبارەی شارەکان نزیکەی (١١) بەرامبەر زیادی کردووە، بەشێوەیەک ناوەندی قەبارەی هەر شارێک لە ساڵی (١٩٥٧) بریتییە لە (٤٠٥٨.٧) کەس بەڵام ئەم ژمارەیە لە ساڵی (١٩٨٧) بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە بۆ (٤٥٨٥٥.٢) کەس، لە ماوەکانی دواتریش سەرەڕای بەردەوامی گەشەی دانیشتووانی شارەکان بەڵام ناوەندی قەبارەکەیان دابەزیوە

بۆ (٢٨٥٢٥.٦) کەس لە ساڵی (٢٠٠٩)، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی شارەکانە لەم ماوەیەدا، بەڵام جارێکی تر ئەم ژمارەیە هەڵکشاوە بۆ (٣٧٤٧٦.٤) کەس لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، هۆکاری سەرەکیش لەمە دەگەڕێتەوە بۆ جێگیری ژمارەی شارەکان و بەردەوامی گەشەی دانیشتووان لە نێوان هەردوو ماوەی کۆتایی توێژینەوەکەدا.

٣. تێکڕای زیادەی ساڵانەی دانیشتووانی شارەکان لە پارێزگای هەولێردا لە ماوەی (١٩٥٧-١٩٧٧) گەیشتووەتە (١٠٧٥٠.٤) کەس بۆ هەر ساڵێک، بەڵام لەماوەی دواتردا واتە لە ماوەی (١٩٧٧-١٩٨٧) ئەم زیادەیەی دانیشتووان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە بەجۆرێک نزیکەی (٣) بەرامبەر زیادی کردووە و گەیشتووەتە (٣٠٨٠٥.٤) کەس، وە لە هەردوو ماوەکانی دواتردا ئەم زیادەیەی ساڵانەی دانیشتووان بە جیاوازی (١٧٤٢.٨) کەس بۆ ساڵی ٢٠٠٩ وە (٤٨٨٢.٣) کەس بۆ ساڵی ٢٠٢٠ لەگەڵ ماوەکانی پێش خۆیان زیادیان کردووە.

خشتەی (٤)

**نیشاندەرە گشتیەکانی گۆڕانکاری لە پەیکەری سیستەمی شارستانی پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| نیشاندەرەکان | ساڵەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
| ژمارەی شارەکان | ١٨ | ٢٢ | ١٣ | ٤٦ | ٤٦ |
| ناوەندی قەبارەی شارەکان | ٤٠٥٨.٧ | ١٣٠٩٣.٨ | ٤٥٨٥٥.٢ | ٢٨٥٢٥.٦ | ٣٧٤٧٦.٤ |
| تێکڕای زیادەی ساڵانەی دانیشتووانی شارەکان | - | ١٠٧٥٠.٤ | ٣٠٨٠٥.٤ | ٣٢٥٤٨.٢ | ٣٧٤٣٠.٥ |
| ڕێژەی قەبارەی دانیشتووانی شاری یەکەم لە کۆی دانیشتووانی شارەکان% | ٥٤.٦ | ٦٧.٢ | ٧٤.٨ | ٥١.٦٩ | ٥١.٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی قەبارەی دانیشتووانی شاری یەکەم لە کۆی دانیشتووانی پارێزگا% | ١٤.٦ | ٣٥.٧ | ٥٧.٩ | ٣٩.٥٥ | ٣٩.٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

٤. شاری یەکەم کە شاری هەولێرە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگاکەی پێکهێناوە، بەجۆرێک لە ماوەی (١٩٥٧-١٩٨٧) ڕێژەی قەبارەی شاری یەکەم لە کۆی قەبارەی شارەکانی دیکە لەنێوان (٥٤.٦-٧٤.٨%) بووە، بەڵام دواتر ڕێژەکە دابەزیوە بۆ(٥١.٦٩%) و (٥١.٨%) بۆ هەردوو ماوەی (٢٠٠٩) و (٢٠٢٠) بەدوای یەکدا، ئەمەش هەژموونی شاری هەولێر دەردەخات بەسەر شارەکانی دیکەی پارێزگاکەدا.

٥. سەبارەت بە ڕێژەی قەبارەی شاری یەکەم لە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە هەڵکشان و داکشانی بەرچاوی پێوە دیارە، بەجۆرێک نزمترین ڕێژەی قەبارەی ئەم شارە لە کۆی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر لە سەرەتای ماوەی توێژینەوەکە بووە و گەیشتووەتە (١٤.٦%) وە بەرزترین ڕێژەش لە ساڵی (١٩٨٧) تۆمارکراوە و بریتییە لە (٥٧.٩%)، ئەمەش ناهاوسەنگییەکی گەورە لە سیستەمی شارنشینی پارێزگاکە دەردەخات، بەشێوەیەک تاکە شارێک بە تەنها زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی پارێزگایەکی لەخۆ گرتووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرە ڕامیاری و ئابوورییەی بە سەر ناوچەکە بەگشتی و پارێزگاکە بەتایبەتیدا هاتووە، کە بووەتە هۆی کۆچی بە لێشاوی لادێنشینان و بەشێک لە ناوەندە شارستانیەکان بۆ ناوەندی شاری هەولێر، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو ڕێژە بەرزەیە کە قەبارەی شاری هەولێر لە کۆی دانیشتووانی شارەکانی دیکەی پارێزگاکە تۆماری کردووە و گەیشتووەتە (٧٤.٨%). وە پاشان جارێکی دیکە ڕێژەی قەبارەی شاری یەکەم لە

دانیشتووانی پارێزگاکە دابەزیوە بۆ (٣٩.٥٥ و ٣٩.٦%) لە هەردوو کۆتا ماوەی توێژینەوەکە بەدوای یەکدا.

### ٣ ـ ١ـ ٢ ـ بەرەوپێشچوونی ژمارە و قەبارەی شارەکان بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکان

توێژکردن و شیکردنەوەی گردبوونەوەکانی دانیشتووان لە ناوەندە شارستانیەکانی ناوچەیەکی دیاریکراودا بەگوێرەی چەند چینێکی قەبارەیی (دەستەی قەبارەیی) و لە میانەی چەند قۆناغێکی جیاوازی بەدوای یەکدا، وێنەیەکی ڕوونمان دەداتێ لە سروشت و شێوازی دابەشبوونی ئەم ناوەندانە لە لایەک و ئەو بەرەوپێشچوونەی کە لە قەبارەکەیان ڕوودەدات لە لایەکی دیکەوە، ئەمەش هەنگاوی یەکەمە بۆ تێگەیشتنی زۆرێک لە لایەنەکانی سیستەمی شارنشینی لەوانەش دیاردەی هەژموونی شارستانی.

### ٣ ـ١ـ ٢ ـ١ـ بەرەوپێشچوونی ژمارەیی شارەکان

شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە هەڵبەزو دابەز و گۆڕانکاری گەورە بەسەر ژمارەیاندا هاتووە. بە سەیرکردنی خشتەی (٥) کە تایبەتە بە پۆلینکردنی ژمارەیی ناوەندە شارستانیەکان بەگوێرەی قەبارەکانیان، دەکرێت ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بخەینەڕوو:

١. زیادبوونی ژمارەی ئەو دەستە قەبارەییانەی کە شارەکانیان بەسەردا دابەش بووە لە چوار دەستەوە لە ساڵی (١٩٥٧) بۆ پێنج دەستە ساڵی (١٩٧٧)، بەجۆرێک گەورەترین دەستە لە ماوەی (١٩٥٧)دا دەستەی قەبارە (٢٠٠٠١-٥٠٠٠٠) کەسە و تەنها یەک شاری لەخۆگرتووە ئەویش شاری هەولێرە. جێگای ئاماژەیە کە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە شاری هەولێر بە تەنها لە گەورەترین و کۆتا دەستەدا خۆی جێگیر کردووە. پاشان لە ساڵی (١٩٨٧) ژمارەی دەستەکان بوون بە شەش دەستە و لە ماوەکانی دواتریشدا (٢٩٩٠-٢٠٢٠) ژمارەی دەستەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٧) دەستە.

٢. لەگەڵ ئەوەی کە لە ماوەی توێژینەوەکەدا شاری هەولێر بە تەنها دەبینرێت لە بەرزترین دەستەدا، بەڵام گرینگیە ڕێژەییەکەی بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەک لە ماوەی (١٩٥٧)دا تەنها (٥٥.٦%)ی ژمارەی شارەکانی پارێزگاکەی پێکهێناوە و دواتر لە ساڵی (١٩٧٧) ئەم ڕێژەیە دابەزیوە بۆ (٤.٥٥%)، ئەمەش لە ئەنجامی زیادبوونی ناوەندە شارستانیەکان لەم ماوەیەدا، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) گرنگیە ڕێژەییەکەی ئەم شارە بەرزبووەتەوە بۆ (٧.٧%)، ئەمە لەکاتێکدایە کە ژمارەی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگاکە بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە بۆ تەنها (١٣) ناوەند لەم ساڵدا، پاشان جارێکی تر و لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) شاری هەولێر گرینگیە ڕێژەییەکەی لەدەست دەدات و دادەبەزێت بۆ تەنها (٢.٢%)، هۆکاری ئەمەش زیادبوونی ژمارەی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگاکەیە بۆ (٤٦) ناوەند.

٣. بچووکترین دەستەی قەبارەیی لە ماوەی ساڵەکانی (١٩٥٧، ٢٠٠٩، ٢٠٢٠) زۆرترین ژمارەی شارەکانی پارێزگاکەیان لەخۆگرتووە کە بەدوای یەکدا ڕێژەکانیان بریتییە لە (٧٢.٢، ٣٩.١، ٣٢.٦%) لە کۆی گشتی ژمارەی شارەکان، بەڵام ساڵی (١٩٧٧) هەردوو دەستەی یەکەم و سێیەم هەریەکەیان بە(٧) شار و بەیەکەوە (٦٣.٦%) ی شارەکانیان گرتووەتە خۆ، وە زۆرترین ژمارەی شارەکان لە ساڵی (١٩٨٧)دا لە هەردوو دەستەی سێیەم و چوارەمدا دەبینرێن کە بە دەستە مام ناوەندەکان هەژمار دەکرێن بە لەخۆگرتنی (٦٩.٢%)ی کۆی گشتی شارەکان لەسەر حسابی شارە قەبارە بچووکەکان.

٤. دەستەی قەبارەیی (٥٠٠٠١-١٠٠٠٠٠) لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧) هیچ شارێکیان تیادا بەدی ناکرێت، بەڵام دواتر لە ساڵی (٢٠٠٩) تەنها (٣) شار بەڕێژەی (٦.٥%) و ساڵی (٢٠٢٠) (٦) شار بەڕێژەی (١٣%) لە کۆی شارەکان دەکەونە نێو ئەم دەستەیەوە.

٥. لەگەڵ ئەوەی کە دەستەی قەبارەیی (٢٠٠٠١-٥٠٠٠٠) لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧) تەنها دوو شاری لەخۆ گرتووە، یەکێکیان لە سەرەتای ماوەکەدا بە ڕێژەی (٥.٦%) و ئەویتریشیان لە کۆتایی ماوەکەدا بە ڕێژەی (٧.٧%) لە کۆی گشتی ژمارەی شارەکان. بەڵام لە ماوەکانی دواتردا واتە لە ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)دا دووەم گەورەترین دەستەیە بە لەخۆگرتنی ژمارەی شارەکانی پارێزگاکە، بەجۆرێک ژمارەی شارەکانی نێو ئەم دەستەیە لە ساڵی (٢٠٠٩) بریتییە لە (١٠) شار و لەساڵی (٢٠٢٠) بریتییە لە (٩) شار بە ڕێژەکانی (٢١.٧ و ١٩.٦%) بەدوای یەکدا.

٦. لە ماوەی ساڵی (١٩٨٧) ناتەواویەکی ڕوون و ئاشکرا بەدەردەکەوێت لە گرنگی سیستەمی شارنشینی پارێزگاکە، بەشێوەیەک دابەشبوونێکی ناواقعی بەدی دەکرێت لە سەنتەری شارەکان لەنێو دەستە قەبارەییەکاندا، هەروەکو ئەوەی کە لە ژمارەی شارەکانی نێو دەستە قەبارەییە بچووکەکاندا (کەمتر لە ٥٠٠٠ کەس) دەبینرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە ئەمنی و ناسروشتیەی کە ناوچەکە پێیدا تێپەڕیوە لەم ماوەیەدا.

خشتەی (٥)

بەرەوپێشچوونی ژمارەی شارەکان و ڕێژەکانیان بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکان لە پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)

| ساڵ | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٩ | | ٢٠٢٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەستە قەبارەییەکان | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کەمتر لە ٢٥٠٠ | ١٣ | ٧٢.٢ | ٧ | ٣١.٨ | ١ | ٧.٧ | ١٨ | ٣٩.١ | ١٥ | ٣٢.٦ |
| ٢٥٠٠-٥٠٠٠ | ٢ | ١١.١ | ٦ | ٢٧.٣ | ١ | ٧.٧ | ٤ | ٨.٧ | ٧ | ١٥.٢ |
| ٥٠٠١-١٠٠٠٠ | ٢ | ١١.١ | ٧ | ٣١.٨ | ٤ | ٣٠.٨ | ٥ | ١٠.٩ | ٢ | ٤.٤ |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٠٠١- ٢٠٠٠٠ | – | – | ١ | ٤.٥٥ | ٥ | ٣٨.٤ | ٥ | ١٠.٩ | ٦ | ١٣ |
| ٢٠٠٠١- ٥٠٠٠٠ | ١ | ٥.٦ | – | – | ١ | ٧.٧ | ١٠ | ٢١.٧ | ٩ | ١٩.٦ |
| ٥٠٠٠١- ١٠٠٠٠٠ | – | – | – | – | – | – | ٣ | ٦.٥ | ٦ | ١٣ |
| زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ | – | – | ١ | ٤.٥٥ | ١ | ٧.٧ | ١ | ٢.٢ | ١ | ٢.٢ |
| **کۆی گشتی** | ١٨ | ١٠٠ | ٢٢ | ١٠٠ | ١٣ | ١٠٠ | ٤٦ | ١٠٠ | ٤٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

٧. جیاوازیەکی گەورە لە نێوان شاری یەکەم و شارەکانی دیکە لە ماوەی ساڵەکانی (١٩٥٧، ١٩٧٧، ١٩٨٧)دا هەیە، بەجۆرێک جیاوازیەکە لە ماوەکانی (١٩٥٧، ١٩٨٧) بریتییە لە یەک دەستەی قەبارەیی و لە ماوەی (١٩٧٧)دا گەیشتووەتە دوو دەستە، بەڵام لە ماوەی ساڵەکانی (٢٠٠٩، ٢٠٢٠) ئەم جیاوازیە کەم بووەتەوە.

٨. بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی توێژینەوەکەدا دەستە قەبارەییە مامناوەندیەکان بە ژمارەیەکی تا ڕاددەیەک گونجاوی شارەکان بەشدارن لە سیستەمە شارنشینیەکەدا.

نەخشەی (1)

دابەشبوونی ژمارەیی شارەكانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی دەستە قەبارەییەكانیان -1957




سەرچاوە: 1. (حەداد و مەحمود، 2011، ل6). 2. خشتەی.(6)

نەخشەی (2)

دابەشبوونی ژمارەیی شارەكانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی دەستە قەبارەییەكانیان -1977




سەرچاوە: 1. (حەداد و مەحمود، 2011، ل7). 2. خشتەی.(6)

نەخشەی (3)

دابەشبوونی ژمارەیی شارەكانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی دەستە قەبارەییەكانیان -1987




سەرچاوە: 1. (حەداد و مەحمود، 2011، ل8). 2. خشتەی.(6)

نەخشەی (4)
دابەشبوونی ژمارەیی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکانیان- 2009




سەرچاوە: 1. (حەداد و مەحمود، 2011، ل11). 2. خشتەی.(6)

نەخشەی (5)
دابەشبوونی ژمارەیی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکانیان- 2020




سەرچاوە: 1. (حەداد و مەحمود، 2011، ل6). 2. خشتەی.(6)

### ٢ ـ١ـ ٢ ـ٢ـ بەرەوپێشچوونی قەبارەیی شارەکان

هەروەکو چۆن لە ماوەی توێژینەوەکەدا تێبینی چەندین گۆڕانکاریمان کرد کە بەسەر ژمارەی ناوەندە شارستانیەکاندا هاتبوو، بەهەمان شێوە گۆڕانکاری گەورە بەسەر قەبارەکانیشیاندا هاتووە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی کە لەم ماوەیەدا تەواوی ناوچەکەی گرتووەتەوە. لە سەیرکردنی خشتەی (٦) دەکرێت تێبینی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەین:

١. نزمبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی قەبارەی ئەو شارانەی کە لە دەستە بچووکەکاندان و ژمارەی دانیشتووانەکانیان کەمترە لە (١٠٠٠٠٠) کەس، بەجۆرێک لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەکە واتە لە (١٩٥٧-٢٠٢٠) ڕێژەکە لە (٥٤.٤% بۆ تەنها ٣.٦٧%) لە کۆی گشتی دانیشتووانی پارێزگاکە دابەزیوە.

2. شاری هەولێر وەکو ناوەندێکی شارستانی گەورە بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە جگە لەوەی کە تاکە شارە لە گەورەترین و کۆتا دەستەی قەبارەیی شارەکاندا جێگیر بووە، لەهەمان کاتیشدا بە بەردەوامی زیاتر لەنیوە و لە هەندێ کاتیشدا سێ لەچواری ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکەی پێکهێناوە، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بە چڕبوونەوەی دانیشتووان لەم شارەدا لەسەر حسابی شارەکانی دیکەی پارێزگاکە.
3. ئەو دەستە قەبارەییەی کە لە دوای شاری یەکەمەوە بەرزترین ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگاکە لەخۆ دەگرێت جیاوازە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بەجۆرێک لەماوەی سالانی (١٩٥٧-١٩٧٧) دەستەی قەبارەیی (٥٠٠١-١٠٠٠٠) کە دەستەی سێیەمە گەورەترین قەبارەی دانیشتووانی لەخۆ گرتووە لە دوای شاری یەکەمەوە بە ڕێژەی (٢٢.٩% و ١٦.٨%) بەدوای یەکدا، بەلام سالی (١٩٨٧) دەستەی قەبارەیی چوارەم و سالی (٢٠٠٩) دەستەی پێنجەم و سالی (٢٠٢٠) دەستەی شەشەم بە ڕێژەکانی (١٣.٢% و ٢٤.٧% و ٢٢.٨%) بە دوای یەکدا بەرزترین ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای هەولێریان لەخۆ گرتووە لە دوای شاری یەکەمەوە.
4. ئەو دەستە قەبارەییەکی کە نزمترین ڕێژەی قەبارەی دانیشتووانی تیادا دەبینرێت دیسانەوە جیاوازە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بەشێوەیەک لە سالی (١٩٥٧) دەستەکە بریتییە لە دەستەی قەبارەیی (٢٥٠٠-٥٠٠٠) بە ڕێژەی (٩.٧%)، بەلام لە ماوەی سالانی (١٩٧٧-١٩٨٧) دەستەی یەکەم واتە بچووکترین دەستە (کەمتر لە ٢٥٠٠) کەس نزمترین ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگاکەی لەخۆ گرتووە، هەرچی سالی (٢٠٠٩) یە دەستەی دووەم و سالی (٢٠٢٠) دەستەی سێیەم بە ڕێژەکانی (٠.٩% و ١%) بەدوای یەکدا نزمترین ڕێژەی دانیشتووانیان گرتووەتە خۆ، ئەمە لە کاتێکدا

٥. ئەو ناوەندە شارستانیانەی کە لە ساڵی (٢٠٠٩) قەبارەکانیان لە (٢٠٠٠٠) کەس کەمترە نزیکەی تەنها (١١%)ی کۆی گشتی دانیشتووانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، ئەمە لە کاتێکدا کە نزیکەی (٧٠%) ی کۆی گشتی ناوەندە شارستانیەکانیان لەخۆ گرتووە کە ژمارەیان (٣٢) ناوەندە لە کۆی (٤٦) ناوەندی پارێزگاکە، سەبارەت بە ساڵی (٢٠٢٠)یش ئەمە هەر ڕاستە.

خشتەی (٦)

**بەرەوپێشچوونی قەبارەی شارەکان بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکان لە پارێزگای هەولێر(١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵ دەستە قەبارەییەکان | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٩ | | ٢٠٢٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | قەبارەی دانیشتوان | % | قەبارەی دانیشتوان | % | قەبارەی دانیشتوان | % | قەبارەی دانیشتوان | % | قەبارەی دانیشتوان | % |
| کەمتر لە ٢٥٠٠ | ٩٣٧١ | ١٢.٨ | ٧٨١٩ | ٢.٧ | ١٤٦٩ | ٠.٢٥ | ٢٣٢٩٥ | ١.٧٧ | ٢١٦٩٣ | ١.٢٦ |
| ٢٥٠٠-٥٠٠٠ | ٧٠٥٤ | ٩.٧ | ٢٢٢٣١ | ٧.٨ | ٣١١٧ | ٠.٥٢ | ١١٨٤٦ | ٠.٩ | ٢٤٤٣٤ | ١.٤١ |
| ٥٠٠١-١٠٠٠٠ | ١٦٧١٩ | ٢٢.٩ | ٤٨٢٣٧ | ١٦.٨ | ٢٧٤٦٢ | ٤.٦١ | ٣٨٩٤٤ | ٢.٩٧ | ١٦٩٩٦ | ١ |
| ١٠٠٠١-٢٠٠٠٠ | - | - | ١٥٣١٩ | ٥.٣ | ٧٨٦٤٩ | ١٣.٢ | ٧٥٢٧٠ | ٥.٧٤ | ٨٦٩٤٦ | ٥ |
| ٢٠٠٠١-٥٠٠٠٠ | ٣٩٩١٣ | ٥٤.٦ | - | - | ٣٩٤٨٤ | ٦.٦٢ | ٣٢٤٠٩٤ | ٢٤.٧ | ٢٨٧٠٦٤ | ١٦.٧ |
| ٥٠٠٠١-١٠٠٠٠٠ | - | - | - | - | - | - | ١٦٠٤٦٧ | ١٢.٢٣ | ٣٩٣٧٣٦ | ٢٢.٨٣ |
| زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ | - | - | ١٩٣٥٥٨ | ٦٧.٤ | ٤٤٥٩٣٧ | ٧٤.٨ | ٦٧٨٢٦١ | ٥١.٦٩ | ٨٩٣٠٤٣ | ٥١.٨ |
| | ٧٣٠٥٧ | ١٠٠ | ٢٨٧١٦٤ | ١٠٠ | ٥٩٦١١٨ | ١٠٠ | ١٣١٢١٧٧ | ١٠٠ | ١٧٢٣٩١٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

### ٣ -١- ٢ -٣- گۆڕانکاری پلەبەندیی شارەکان

قەبارە لە ئاماژە گرنگەکان هەژمار دەکرێت لە توێژکردنی پلەبەندی قووچەکیی شارەکاندا، کە دەرئەنجامی کۆتایی کۆمەڵێک هۆکار و هێز و ئاڕاستەیە، وە بە پێوەرێکی گشتی سادە دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی سەنگی شار، ئەمەش بە بەراوردکردنی لەگەڵ شارەکانی دیکەی ئەو سیستەمە

شارنشینیەی کە بەیەکەوە تیایدا گەشە دەکەن (محمد و رضا، ٢٠١٦، ٩٥). سەبارەت بە پارێزگای هەولێر، ئەو ناڕێکیەی لە قەبارەی ناوەندە شارستانیەکانیدا هەیە ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە لە پلەبەندییە قەبارەییەکانیان. لە خشتەی (٧) کە پلە بەندی قەبارەیی (١٠) شاری یەکەمی تیادا ڕێکخراوە دەکرێت تێبینی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەین:

١. بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە (١٩٥٧-٢٠٢٠) شاری هەولێر کە ناوەندی پارێزگاکەیە پلەی یەکەمی بێ ڕکابەری بەدەست هێناوە.
٢. سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە پلەبەندی قەبارەیی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگاکەدا لەم ماوەیەدا ڕوویانداوە بەڵام شاری کۆیە لە ماوەی (١٩٥٧-١٩٨٧) پلەی دووەمی گرتووە لە ڕیزبەندیەکەدا، بەڵام لە ماوەکانی دواتردا کەسنەزان وەکو شارێکی نوێ کە هاتووەتە نێو سیستەمی شارنشینیی پارێزگاکە جێگای شاری کۆیەی گرتووەتەوە و شاری کۆیەش دەچێتە ڕیزبەندی چوارەم.
٣. دەرکەوتنی چەند شارێکی نوێی وەکو ( کەسنەزان، بنەسڵاوە، دارەتوو، بەحرکە) لە ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) خۆیان خزاندووەتە نێو ڕیزبەندی (١٠) شاری یەکەمی ئەم سیستەمە و هەریەکەیان بەدوای یەکدا پلەکانی (دووەم، پێنجەم، حەوتەم و دەیەم) یان وەرگرتووە، جگە لەوەی کە بەحرکە لە ساڵی ٢٠٠٩ لەم ڕیزبەندیە دەرچووە و ڕزگاری جێگاکەی گرتووەتەوە.
٤. لە نێو ئەو گۆڕانکاریە زۆر و ئاڵۆزانەی کە لە ماوەی توێژینەوەکەدا ڕوویانداوە لە ڕیزبەندی قەبارەیی شارەکانی ئەم سیستەمە شاری ڕواندز لە ساڵی (١٩٥٧) ڕیزبەندی سێیەمی گرتووە، بەڵام لە ماوەکانی دواتردا وردە وردە پاشەکشەی کردووە، بەجۆرێک لە ساڵی (١٩٧٧) دابەزیوە بۆ پلەی چوارەم ساڵی (١٩٨٧) بۆ پلەی هەشتەم تا وای لێهاتووە لە ماوەکانی دواتردا ئەم شارە لەنێو ڕیزبەندی قەبارەیی (١٠) شاری یەکەمدا بەدی ناکرێت.

٥. هــەرچی ناوەنــدەکانی (شــەقڵاوە و عــەنکاوە)ن کــە لــەماوەی ١٩٥٧ ڕیزبەنـدی چـوارەم و پێنجـەمیان هەیـە لـە سیسـتەمەکەدا بـەڵام لـە ماوەکـانی دواتـردا پلەبەندیەکـەیان دەگۆڕێت، بـەجۆرێک شـەقڵاوە لـە ساڵی (١٩٧٧) پلەبەندیەکەی هەڵدەکشـێ و دێتـە پلـەی سـێیەم، پاشـان جـارێکی دیکـە دێتـەوە هـەمان ڕیزبەنـدی پێشـووتری، سـەبارەت بـە عەنکاوەش لە پلەی پێنجەمەوە دادەبەزێ بۆ پلەی حەوتـەم لـە سـاڵی (١٩٧٧) بـەڵام دواتـر لـە سـاڵی (١٩٨٧) دێتـەوە پلـەی سـێیەم، لـە ماوەکـانی دواتریشـدا ئـەم دوو شـارە لـە ڕیزبەنـدی (١٠) شـاری یەکەمدا نابینرێن.
٦. هەر لەمیانەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوویانداوە، ناوەندی مـەخموور لە سەرەتای ماوەی توێژینەوەکەدا لە پلـەی شەشـەمدایە بـەڵام دواتـر دادەکشێ بۆ پلەی هەشتەم و جارێکی تر لە سـاڵی (١٩٨٧) دەچێتـەوە پلەی شەشـەم و دواتر لـەم ڕیزبەندیـەدا بـەدی ناکرێت. سـەبارەت بـە ناوەندەکانی (دیبەگە و گوێڕ) کە بەدوای یەکدا ڕیزبەندی حەوتـەم و دەیـەمیان وەرگرتـووە تـەنها لـە سـەرەتای مـاوەی توێژینـەوەکـەدا دەبینرێن، ناوەندی سەلاحەدینیش کە لە ماوەکانی یەکـەم و دووەمـدا بوونی نییە لە ڕیزبەندیەکـەدا بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٨٧ لـە پلـەی نۆیـەمـدا دەردەکەوێت و هـەردوو ماوەی دواتریش دێتە پلەی هەشتەم.

خشتەی (٧)

**گۆڕانکاریەکانی پلەبەندی لە شارەکانی پارێزگای هەولێر (١٩٥٧ - ٢٠٢٠)**

| ت | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناوەندی هەولێر | ناوەندی هەولێر | ناوەندی هەولێر | ناوەندی هەولێر | ناوەندی هەولێر |
| ٢ | کۆیە | کۆیە | کۆیە | کەسنەزان | کەسنەزان |
| ٣ | ڕواندز | شەقلاوە | عەنکاوە | سۆران | سۆران |
| ٤ | شەقلاوە | ڕواندز | شەقلاوە | کۆیە | کۆیە |
| ٥ | عەنکاوە | دیانا | هەریر | بنەسڵاوە | بنەسڵاوە |
| ٦ | مەخمور | باڵەک(گەلاڵە) | مەخمور | دیانا | دیانا |
| ٧ | دیبەگە | عەنکاوە | دیانا | دارەتوو | دارەتوو |
| ٨ | باڵەک(گەلاڵە) | مەخمور | ڕواندز | سەلاحەدین | سەلاحەدین |
| ٩ | هەریر | چۆمان | سەلاحەدین | خەبات | خەبات |
| ١٠ | گوێڕ | زێبار(مێرگەسۆر) | خەلیفان | ڕزگاری | بەحرکە |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

٧. هەر لەم ماوەیەدا چەند گۆڕانکاریەکی دیکە بەرچاو دەکەون لەوانەش گەلاڵە لە ماوەی یەکەمدا لە پلەی هەشتەمدا جێگای خۆی کردووەتەوە و لە ماوەی دووەمیشدا هەڵکشاوە بۆ پلەی شەشەم بەڵام لە ماوەکانی دواتردا لەم ڕیزبەندیەدا دەردەچێت، هەروەها هەریریش لە قۆناغی یەکەمدا لە پلەی نۆیەم و لە قۆناغی سێیەمیشدا لە پلەی پێنجەمدا دەبینرێت بەڵام لە قۆناغەکانی دیکەدا نابینرێت، چۆمانیش تەنها لە قۆناغی دووەم و لە پلەی نۆیەمدا بوونی هەیە.

٨. هەرچی شارۆچکەی دیانایە لە قۆناغی دووەمدا لە پلەی پێنجەمدا بەدەردەکەوێت و دواتر دادەبەزێت بۆ پلەی حەوتەم وە لەماوەکانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) لە پلەی شەشەمدا خۆی لەنێو سیستەمەکەدا جێگیر کردووە، شاری سۆرانیش تەنها لە دوو قۆناغی کۆتاییدا دێتە نێو

ڕیزبەنـدی (١٠) شـاری یەکەم لە پـلەی سـێیەمدا جێگـای خـۆی کردووەتەوە.

لە کۆتاییدا دەردەکەویت کە گۆڕانکاری گەورە و ئاڵۆز لە پلەبەندی شارەکانی پارێزگای هەولێر ڕوویانداوە، بەجۆرێک بەشێکی کەم لە شارەکان شـوێن و سـەنگی خۆیـان پاراسـتووە، بە پێچەوانەشـەوە زۆربەی شـارەکان هەڵبەز و دابەزێکی زۆریـان کـردووە، ئەمە لە کاتێکدا بەشێک لە شـارەکان هەر لە سەرەتاوە لە ڕیزبەندی (١٠) شاری یەکەم دیارنـامێنن و شـاری دیکە جێگایـان دەگـرنەوە، وە بە تێپەڕبـوونی کـاتیش چەنـدین شـاری نـوێ بە تایبەتیش لە قۆناغەکانی کۆتاییدا لەنێو ڕیزبەندیەکەدا بەدەردەکەون.

### ٣ ـ ٢ ـ تایبەتمەندی و لایەنەکانی سیستەمی شارنشینی بـەگوێرەی یاساکانی قەبارە

### ٣ ـ ٢ ـ١ـ تایبەتمەندی و لایەنەکانی سیستەمی شارنشینی بەگوێرەی یاسای شاری یەکەم

یاسای شاری سەرەکی (شاری یەکەم) (Primate City Law) لەلایەن توێژەر (Mark Jefferson) لە ساڵی ١٩٣٩ هێنراوەتە ئاراوە. بیرۆکەی ئەم یاسـایە بریتییـە لـە بـوونی شـارێکی سـەرەکی کـە پلـەی یەکـەم دەگرێـت لـە سیسـتەمی شارسـتانی هـەرێمێک یـاخود ناوچەیەکدا، زۆربـەی جاریش ئـەم شارە پایتەختی هەرێمەکەیە، کە هەژموونی دەبێت بەسەر تـەواوی شـارەکانی دیکـە، ئەمـەش بـەهۆی هەڵکەوتـە جوگرافیەکـەی و فەراهـەمبوونی بـواری گەشـەپێدان و هـاتنی بەلێشـاوی کـۆچ بـۆ ئـەم شـارە (اسـماعیل، ١٩٨٢، ١٨٩- ١٩٣) بـــەجۆرێک دەســـەڵات و خزمـــەتگوزاری و چالاکیـــە بازرگـــانی و پیشەسازیەکان و دانیشتووان تیایدا چڕدەبنەوە و دەبێتە هـۆی گـەورەبوونی قەبارەکەی لەسەر حسابی شارەکانی دیکە (محمدو یوسف، ٢٠١١، ١٣٣). وە جیفرسۆن جەخت لـەوە دەکاتـەوە کە هـەژموون و باڵادەسـتیی شـاری یەکـەم زیـاد دەبێـت بـە بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی شارسـتانی (المطـری، ١٩٨٩، ٥٧٥- ٥٧٧).

پوختــەی یاســاکە بریتییــە لــەوەی ئەگــەر قــەبارەی شــاری یەکــەم (١٠٠%) بێـت، ئـەوا شـاری دووەم قەبارەکـەی سـێیەکی (٣٣.٣%) قـەبارەی شاری یەکەم دەبێت و قەبارەی شاری سێیەمیش پێنجیەکی (٢٠%) قـەبارەی شـاری یەکـەم دەبێت (وزان، ٢٠١٦، ص٧٥). بـە جێبـەجێکردنی ئـەم یاسـایە بەســـەر ناوەنـــدە شارســـتانیەکانی پارێزگـــای هـــەولێر و بـــەراوردکردنی دەرئەنجامەکەی کە لە خشتەی (٨)دایە لەگەڵ ئەو پلەبەندیەی کە جیفرسۆن بانگەشەی بۆ دەکات دەکرێت تێبینی ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە بکەین:

١. سروشـــتی سیســـتەمی شارســـتانی پارێزگاکـــە لەگـــەڵ یاســـاکەی جیفرسـۆن دەگـونجێ بـەوەی کـە دەڵـێ شـاری یەکـەم تایبەتمەنـدی پایتـەختی هەیـە، ئەمـەش لەگەڵ شـاری هەولێر یەکدەگرێتـەوە کە بە درێژایی مـاوەی توێژینەوەکە شـاری یەکەمـە و سـەنتەری کارگێڕی پارێزگـای هـــەولێرە، ئەمـــە جگـــە لـــەوەی کـــە پایتـــەختی هـــەرێمی کوردستانیشە.

٢. یاسـای شـاری یەکـەمی جیفرسـۆن بـە درێژایی مـاوەی توێژینەوەکـە جێبەجێ نابێت بەسەر شارەکانی پارێزگای هەولێردا، بەجۆرێک هیچ گونجانێک نییە لەنێوان ڕێژەی سەدی سێ شاری یەکـەمی پارێزگاکـە لەگـەڵ ئـەو ڕێژەیـەی کـە جیفرسـۆن دیـاری کـردووە جگـە لـە یـەک حاڵــەت نــەبێ کــە شــاری ســێیەمە (ڕوانــدز) لــە ســاڵی ١٩٥٧ کــە هاوجووتە لەگەڵ ئەو ڕێژەیەی کە جیفرسۆن بانگەشەی بۆ کردووە.

٣. پلەی هەژموونی شاری یەکەم بە بەرزبوونـەوەی ڕێژەی شارستانی لـە پارێزگاکـەدا زیـاتر دەبێـت، ئەمـەش دەگونجێـت لەگـەڵ یاسـاکەی جیفرسۆن بەوەی کە دەڵێت باڵادەستیی شاری یەکەم زیاد دەبێت بە بەرزبوونـــەوەی ڕێـــژەی شارســـتانیبوون، بەڵگـــەش لەســـەر ئەمـــە نزمبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی شـاری دووەم و سـێیەمە لـە شـاری یەکەم بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە.

٤. لەیــەک نزیکــی ڕێــژەی شــاری دووەم و ســێیەم لــە ســاڵی ١٩٥٧ بەجۆرێک جیاوازیەکەیان تەنها (٠.٧)، ئەمـەش یـەک ناگرێتـەوە لەگەڵ

یاساکەی جیفرسۆن کە دەبوایە جیاوازیی نێوان ئەم دوو شارە (١٣.٣) بێت. بەڵام لەماوەکانی (١٩٧٧) و (١٩٨٧)دا بۆشایی نێوان شاری دووەم و سێیەم زیاد دەکات بەجۆرێک جیاوازیەکە لە سالی ١٩٧٧ گەیشتووەتە (٢) بە جیاوازیی(١١،٣) لەگەڵ ڕێژەی جیفرسۆن، وە لە ساڵی ١٩٨٧ ئەم جیاوازیە بەرز دەبیتەوە بۆ (٤.٥٥) بە جیاوازی (٨.٧٥) لەگەڵ ڕێژەی جیفرسۆندا، بەڵام لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٩) و (٢٠٢٠) جارێکی دیکە بۆشایی نێوان شاری دووەم و سێیەم کەم دەبێتەوە بەجۆرێک ساڵی ٢٠٠٩ جیاوازیەکە تەنها (٠.١٥) وە (٠.١٢) بۆ ساڵی ٢٠٢٠.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین سەرەڕای گونجانی بەشێک لە سیماکانی سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێر لەگەڵ یاساکەی جیفرسۆن، بەڵام گۆڕانکاری و جیاوازیەکی گەورە بەدی دەکرێت لە بەشە زۆرەکەی تری ئەم سیستەمە کە خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی یەک ناگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی جیفرسۆن بانگەشەی بۆ کردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەوشە ڕامیاری و ئابووریەی ناوچەکە پیایدا گوزەری کردووە لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە جیاوازی لە دابەشبوونی بنەما خزمەتگوزاری و ئابووریەکان بەسەر شارەکانی ناوچەی توێژینەوەکە.

خشتەی (٨)

**ڕێژەی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم بەگوێرەی یاسای شاری سەرەکی لە پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵەکان<br>شار | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| شاری<br>یەکەم | ١٠٠<br>هەولێر | ١٠٠<br>هەولێر | ١٠٠<br>هەولێر | ١٠٠<br>هەولێر | ١٠٠<br>هەولێر |
| شاری<br>دووەم | ٢١.٣<br>کۆیە | ٧.٩<br>کۆیە | ٨.٨٥<br>کۆیە | ٨<br>کەسنەزان | ٧.٩٧<br>کەسنەزان |
| شاری<br>سێیەم | ٢٠.٦<br>ڕواندز | ٥.٩<br>شەقڵاوە | ٤.٣<br>عەنکاوە | ٧.٨٥<br>سۆران | ٧.٨٥<br>سۆران |
| شاری<br>چوارەم | ١٠.٥<br>شەقڵاوە | ٤.٤<br>ڕواندز | ٣.٩<br>شەقڵاوە | ٧.٨<br>کۆیە | ٧.٧<br>کۆیە |
| شاری<br>پێنجەم | ٧.١٦<br>عەنکاوە | ٣.٦٦<br>دیانا | ٣.٧<br>هەریر | ٧.٠٩<br>بنەسڵاوە | ٧.٠٤<br>بنەسڵاوە |
| شاری<br>شەشەم | ٣.٨٤<br>مخمور | ٣.٤٤<br>باڵەک(گەڵاڵە) | ٢.٨٦<br>مخمور | ٧.٠٣<br>دیانا | ٧.٠٣<br>دیانا |
| شاری<br>حەوتەم | ٣.٧٦<br>کەندێناوە(دیبەگە) | ٢.٩٧<br>عەنکاوە | ٢.٧٧<br>دیانا | ٦.٥٥<br>دارەتوو | ٦.٥<br>دارەتوو |
| شاری<br>هەشتەم | ٢.٥<br>باڵەک(گەڵاڵە) | ٢.٧٤<br>مەخمور | ١.٩<br>ڕواندز | ٤.٦<br>سەلاحەدین | ٤.٧<br>سەلاحەدین |
| شاری<br>نۆیەم | ٢.٣٨<br>هەریر | ٢.٥٩<br>چۆمان | ١.٥٩<br>سەلاحەدین | ٤.٢١<br>خەبات | ٤.٢<br>خەبات |
| شاری<br>دەیەم | ١.٩٥<br>گوێر | ٢.٣٥<br>زێبار(مێرگەسۆر) | ١.٣٥<br>خەلیفان | ٤.١٥<br>ڕزگاری | ٤.١<br>بەحرکە |
| یاسای<br>پلەبەندی-<br>قەبارەی<br>زیف | ١٠٠ \| ٥٠ | ٣٣.٣ \| ٢٥ | ٢٠ \| ١٦.٧ | ١٤.٣ \| ١٢.٥ | ١١.١ \| ١٠ |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یاسای شاری یەکەمی جیفرسۆن | ١٠٠ | ٣٣.٣ | ٢٠ | ١٤.٣ | ١١.١ | ٩.١ | ٧.٧ | ٦.٧ | ٥.٩ | ٥.٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

## ٣ ـ ٢ ـ ٢ـ تایبەتمەندی و لایەنەکانی سیستەمی شارنشینی بەگوێرەی یاسای پلەبەندی– قەبارە

یاسای پلەبەندی– قەبارە (Rank – Size Rule) لەلایەن توێژەری بەناوبانگ (G.K. Zipf) داهێنراوە، ئەمەش لەمیانەی توێژکردنی کۆمەڵێک لە شارەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی (١٩٤٩). زیف پێی وایە کە پەیوەندییەکی ئاماریی ڕێکوپێک هەیە لە نێوان قەبارەی دانیشتووانی شارەکان و پلەبەندیەکەیان لە چوارچێوەی ولاتێک یاخود ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراو. واتە ئەگەر شارەکانی ولاتەکە سەربەرەوخوار بەگوێرەی قەبارەی دانیشتووانەکەیان ڕیزبەندی بکرێن، ئەوا قەبارەی شاری یەکەم یەکسان دەبێت بە یەک و شاری دووەم یەکسان دەبێت بە نیوەی قەبارەی شاری یەکەم و ئیتر بەم شێوەیە قەبارەی شاری پێنجەم یەکسان دەبێت بە(١/٥) ی شاری یەکەم، وەک لەم زنجیرەیەدا هاتووە (١، 2/1 ، ٣/١، 4/1، ٥/١) ( سلیمو سعید، ٢٠١٤، ١٦١).

پاڵپشت بەو یاسایە بە زانینی قەبارەی شاری یەکەم دەکرێت قەبارەی نموونەیی هەر یەکێک لە شارەکانی دیکە بزانرێت، ئەمەش بە دابەشکردنی قەبارەی شارە گەورەکە (شاری یەکەم) بەسەر پلەی شارێکی دیاریکراودا، بەگوێرەی ئەم یاسایە (ابو صبیحة، ٢٠٠٧، ١٥٥):

قەبارەی نموونەیی شارێکی دیاریکراو= قەبارەی شاری یەکەم/ پلەی شارە دیاریکراوەکە

ئەم یاسایە یەکێکە لەو یاسا گرینگانەی کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارستانی هەر ناوچەیەک

دیاریبكرێت، ئەمەش لەمیانەی نواندنێكی سادەوە لەنێوان قەبارە و پلەبەندی شارەكان و بەراوردكردنیان بە قەبارە نموونەییەكەیان بەگوێرەی یاسای زیف، هەروەها دەكرێت لەرێگای ئەم یاسایەوە ئەو گۆڕانكاریانە دەستنیشان بكرێت كە بە تێپەڕبوونی كات بەسەر سیستەمی شارستانی هەر ناوچەیەكدا دێت.

بەشێوەیەكی گشتی، سیستەمی شارستانی بە ناپێگەیشتوو هەژمار دەكرێت ئەگەر هێڵی قەبارەی ڕاستەقینەی شارەكان دوور بكەوێتەوە لە هێڵی یاسای پلەبەندی قەبارە، ئەمەش یان بەهۆی ئەوەی كە قەبارەی شاری یەكەم بچووكتربێت لەوەی پێشبینی دەكرا، یاخود بەهۆی بوونی هەژمونی شاری یەكەمەوە، ئەمەش بەزۆری لە ئەنجامی نەبوونی پەیوەندییەكی تەواوكار لەنێوان ڕەگەزەكانی سیستەمی شارستانیەوە ڕوودەدات، بەشێوەیەكی دیاریكراویش لە ئەنجامی لاوازیی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان شارەكاندا، لەپاڵ چەندین هۆكاری تردا (محمد و یوسف، ٢٠١١، ١٢٨).

بەجێبەجێكردنی یاسای پلەبەندی- قەبارە بەسەر ناوچەی توێژینەوەكەدا كە دەرئەنجامەكەی لە خشتەی (٨) و شێوەكانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦) دەردەكەوێت، دەكرێت تێبینی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بكەین:

١. سیستەمی شارنشینی و ڕێژەی قەبارەی شارەكانی پارێزگای هەولێر ناگونجێت لەگەڵ سیستەمی پلەبەندی- قەبارەی زیف، جگە لەوە نەبێت كە شاری هەولێر شاری یەكەمە و بە درێژایی ماوەی ساڵانی توێژینەوەكە هەژمونی تەواوی هەیە بەسەر شارەكانی دیكەی نێو سیستەمە شارنشینیەكە.

٢. سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێر بە سیستەمێكی پێنەگەیشتوو هەژمار دەكرێت، بەڵگەش بۆ ئەمە دووركەوتنەوەی قەبارەی ڕاستەقینەی دانیشتووانە لە قەبارە نموونەییەكەی، ئەمەش لە ئەنجامی هەژمونی شاری یەكەم بەسەر تەواوی شارەكانی دیكەدا.

٣. بە درێژایی ماوەی ساڵانی توێژینەوەكە داكشانێكی گەورە لە ستوونی (جیاوازی نێوان قەبارەی ڕاستەقینە و نموونەیی دانیشتووان) كە لە

شێوەکاندا دەردەکەوێت بۆ خوار هێڵی سفر بەدی دەکرێت، ئەمەش ئاماژەیە بە بوونی بۆشاییەکی فراوان لەنێوان قەبارەی راستەقینە و نموونەیی دانیشتووانی ناوەندە شارستانیەکاندا.

**شێوەی (٢) ژمارەی ڕاستەقینە و نموونەیی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی یاسای (زیف)-١٩٥٧**




سەرچاوە: بەپشتبەستن بە خشتەی (٣).

**شێوەی (٣) ژمارەی ڕاستەقینە و نموونەیی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی یاسای (زیف)-١٩٧٧**




سەرچاوە: بەپشتبەستن بە خشتەی (٣).

**شێوەی (٤) ژمارەی ڕاستەقینە و نموونەیی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی یاسای (زیف)-١٩٨٧**




سەرچاوە: بەپشتبەستن بە خشتەی (٣).

**شێوەی (٥) ژمارەی راستەقینە و نموونەیی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی یاسای (زیف)-٢٠٠٩**




سەرچاوە: بەپشتبەستن بە خشتەی(٣).

٤. پەیوەنـدیی نێـوان قـەبارەی شـارەکان و پلەبەندیەکـەیان لـەنێو سیسـتەمی شارنشـینی پارێزگـای هـەولێردا شـێوەیەکی ڕێکـوپێکی وەرنـەگرتووە، بەڵگـەش لەسـەر ئەمـە دوورکەوتنـەوەی قـەبارەی نموونـەیی دانیشـتووانە لـە قـەبارە ڕاسـتەقینەییەکەیان لـە تـەواوی مـاوەی سـاڵانی توێژینەوەکـە، ئەمـەش ئاماژەیـەکی ڕوونـە بـۆ

کۆبوونــەوەی ژمارەیــەکی زۆری دانیشــتووان لــە چەنــد ناوەنــدێکی کەمدا.

**شێوەی (٦) ژمارەی راستەقینە و نموونەیی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی یاسای (زیف)-٢٠٢٠**




سەرچاوە: بەپشتبەستن بە خشتەی (٣).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کەموکورییەکی گەورە و ناپێگەیشتوو لە سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێردا هەیە بەگوێرەی یاسای پلەبەند-قەبارە، هۆکاری سەرەکیش لەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەژموونێکی بەهێزی شاری هەولێر بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەی نێو سیستەمەکە، ئەمەش خەسڵەتێکی نەرێنییە بۆ ئەم سیستەمە، چونکە هەر داڕمانێک بەسەر شاری یەکەمدا بێت تەواوی سیستەمەکە دەگرێتەوە.

### ٤ – دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی هەژموونی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر

لێرەدا بە مەبەستی دیاریکردن و خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێر و دەستنیشانکردنی شاری باڵادەست بەسەر شارەکانی دیکەی نێو ئەم سیستەمە چەند پێوەرێکی ئاماریی گرنگ بەکار دەهێنین بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### ١- پێوەری نزیکبوونی قەبارەیی

ئەمە یەکێکە لەو پێوەرانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی بڕی ئەو کەلێنە قەبارەییەی دەکەوێتە نێوان شاری یەکەم لە لایەک و تەواوی شارەکانی دیکە لە لایەکی ترەوە، بەجۆرێک تاوەکو شارەکان لە قەبارەدا لە یەکەوە نزیک بن ئەوا لاوازیی هەژموونی شاری یەکەم نیشان دەدات وە پێچەوانەکەشی ڕاستە (عبدالعال، ١٩٩٨، ٣)، بەواتایەکی تر تاوەکو بەهای ئەم پێوەرە بەرزتر بێت ئاماژەیە بە بوونی بۆشاییەکی گەورە لەنێوان شاری یەکەم و شارەکانی دیکە، وە بە پێچەوانەشەوە ڕاستە (عبداللە، ٢٠٠٨، ١٦). ئەنجامەکانی ئەم پێوەرەمان لەڕێگای بەکارهێنانی ئەم یاسایەوە دەست دەکەوێت (وزان، ٢٠١٦، ٧٦).

$$AP = 100 - \sqrt{\frac{\sum PC}{n} 100}$$

AP = پێوەری نزیکبوونی قەبارەیی لە نێوان شاری یەکەم و شارەکانی دیکە.

Pc= کۆی ڕێژەی سەدی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم.

n = ژمارەی شارەکانی تر دوای شاری یەکەم.

بە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە سەر ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگای هەولێر کە دەرئەنجامەکەی لە خشتەی (٩) دایە دەردەکەوێت کە دەرئەنجامەکانی پێوەرەکە زۆر بەرزە و بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە لە نێوان (٧٧.٩ تاوەکو ٨٥.٨٦)دایە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر لە یەک دووری قەبارەی شارەکانی پارێزگاکە لە یەکترەوە، بەواتایەکی دیکە شارەکانی پارێزگاکە لە رووی قەبارەی دانیشتووانەوە لە یەکتر نزیک نین. جێگای ئاماژەیە کە بە درێژایی ماوەکە شاری هەولێر هەژموونی هەیە بەسەر ناوەندە شارستانیەکانی دیکەدا، بەجۆرێک بەرزترین پلەی هەژموونی ئەم شارە لە ساڵی (٢٠٠٩) تۆمارکراوە بە دەرئەنجامی (٨٥.٨٦)، ئەمەش بەهۆی زۆربوونی ژمارەی ناوەندە شارستانیەکانەوەیە کە لەو ساڵەدا گەیشتووەتە (٤٥) ناوەند جگە لە شاری یەکەم، وە نزمترین پلەی هەژموونیش کە شاری هەولێر تۆماری کردبێت لە ساڵی (١٩٥٧) بووە بە دەرئەنجامی (٧٧.٩)،

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی ناوەندە شارستانیەکان لە لایەک، وە لە لایەکی دیکەشەوە هەرسێ شاری دوای شاری یەکەم لەم ساڵەدا قەبارەیان گەورەیە و بەیەکەوە سێیەکی قەبارەی هەر چوار شارەکە پێکدەهێنن بە ڕێژەی (٣٤.٣٨%)، ئەوانیش بریتین لە شارەکانی (کۆیە، شەقڵاوە، ڕواندز).

**خشتەی (٩)**

**بەهای پێوەری نزیکبوونی قەبارەیی شارەکانی پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| نزیکبوونی قەبارەیی شارەکانی تر لەگەڵ شاری یەکەم | ٧٧.٩ | ٨٤.٦٥ | ٨٣.٢٩ | ٨٥.٨٦ | ٨٥.٥٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

**٢ ـ بەڵگەی پێشەنگیی شاری یەکەم**

یەکێک لە دیارترین سیماکانی هەژموون و چڕبوونەوەی شارستانی لە نێوان شارەکاندا بریتییە لە ناهاوسەنگی لە دابەشبوونی دانیشتووان و خزمەتگوزاریەکان لە نێوانیاندا، ئەمەش لە ئەنجامی جیاوازی تێکڕاکانی گەشەی دانیشتووان لە نێوان شارەکاندا، بەجۆرێک بەشێک لە شارەکان بەتایبەتیش شارە گەورەکان بەشێوەیەکی خێراتر لە تەواوی شارەکانی دیکە گەشە دەکەن. بە مەبەستی زانینی بڕی هاوسەنگی لە گەشەی شارەکان و پلەی هاوسەنگی قەبارەیی لەنێوان شاری یەکەم کە پێشەوەی ڕیزبەندی قەبارەیی شارەکانی گرتووە لەگەڵ شارەکانی دیکەی کە لەدواوەی دێن، دەبێت ڕێژەی دانیشتووانی شاری یەکەم سەبارەت بە شارەکانی دیکە دەربهێنرێت، ئەمەش بە بەڵگەی پێشەکییەتی شاری یەکەم ناسراوە (عبدالله، ٢٠٠٨، ٢٠)، ئەمەش بە سادەترین پێوەرەکانی چڕبوونەوە دادەنرێت بەجۆریک ژمارەی دانیشتووانی شاری یەکەم دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆی ژمارەی دانیشتووانی ئەو سێ شارەی کە لەدوای شاری یەکەمەوە دێن، کە لەڕێگەی ئەم یاسایەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت (الشواورە، ٢٠١٢، ٣٨٧):

$$I = \frac{P_1}{P_2 + P_3 + P_4}$$

I= بەڵگەی پێشەکییەتی شاری یەکەم.

$P_1$= ژمارەی دانیشتووانی شاری یەکەم. $P_2$= ژمارەی دانیشتووانی شاری دووەم.

$P_3$= ژمارەی دانیشتووانی شاری سێیەم. $P_4$= ژمارەی دانیشتووانی شاری چوارەم.

نرخی ئەم پێوەرە وێنەیەکی ڕوونمان دەداتێ لەسەر بڕی هاوسەنگی قەبارەیی لەنێوان شارەکان و پلەی هەژموونی شارستانی شاری یەکەم بەسەر شارەکانی دیکەدا، بەجۆرێک ئەگەر دەرئەنجامەکە بگاتە یەکی تەواو ئەوا ئاماژەیە بە یەکسانبوونی قەبارەی دانیشتووانی شاری یەکەم بە قەبارەی دانیشتووانی شارەکانی دیکە(ابو صبیحة، ٢٠٠٧، ص١٥٣)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر هەژموونی شاری یەکەم بەسەر شارەکانی دیکەدا ، وە هەرچەندە ژمارەکە زیاتر بێت لە یەکی تەواو ئەوا توانای زیاتری هەژموونی شاری یەکەم دەردەخات.

بە تێبینی کردنی خشتەی (١٠) دەردەکەوێت کە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە ئەو شارەی کە هەژموونی هەیە بەسەر ئەو سێ شارەی لە دوای شاری یەکەمەوە دێن شاری هەولێرە، بەجۆرێک دەرئەنجامی پێوەرەکە لە ساڵی (١٩٥٧) بریتییە لە (١.٩)، ئەمە سەرەڕای بەرزیی ژمارەکە بەڵام نزمترین ئاستی هەژموونی شاری هەولێرە بەسەر سێ شارەکەی تردا لە ماوەی توێژینەوەکەدا کە تۆمار کرابێت، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) ژمارەکە هەڵکشاوە بۆ (٥.٨٦) کە بەرزترین ئاستی هەژموونی شاری هەولێر دەنوێنێ لەم ماوەیەدا.

هەرچەندە هەڵکشان و داکشان هەیە لە بەهای پێوەری پێشەنگیەتی هەژموونی شاری هەولێر، بەجۆرێک لە ماوەکانی (١٩٥٧، ١٩٧٧، ١٩٨٧) بەدوای یەکدا بەهاکە بەم شێوەیە بەرز بووەتەوە (١.٩ بۆ ٥.٤٩ بۆ ٥.٨٦)، وە

بەهای پێوەرەکە لە ساڵی (٢٠٠٩) دابەزیوە بۆ (٤.٢٢)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دەرکەوتنی شاری گەورە لە پارێزگاکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شاری هەولێر هەژموونێکی گەورەی هەیە لە نێو سیستەمی شارستانیی پارێزگاکە.

**خشتەی (١٠)**

**بەهای پێوەری پێشەکییەتی شاری یەکەم لە پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| بەڵگەی پێشەنگیەتی شاری یەکەم | ١.٩ | ٥.٤٩ | ٥.٨٦ | ٤,٢٢ | ٤.٢٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

### ٣ـ ناوەندی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم

ئەمە یەکێکە لەو پێوەرە گرینگانەی کە پلەی هەژموونی شارە گەورەکان بە سەر شارەکانی دیکە لە چوارچێوەیەکی شوێنیدا دیاریدەکات، وە دەکرێت بەهای ئەم پێوەرەمان دەست بکەوێت لە ڕێگای دابەشکردنی (کۆی ڕێژەی سەدی قەبارەی شارەکانی دیکەی دوای شاری یەکەم) بەسەر کۆی ژمارەی شارەکانی دوای شاری یەکەم، وە هەرچەندە بەهای پێوەرەکە گەورەتر بێت ئەوا لاوازیی هەژموونی شاری یەکەمدەردەخات، وە پێچەوانەکەشی ڕاستە، نرخی پێوەرەکەش دەکەوێتە نێوان (سفر ــ ١٠٠) (الخزاعي، ٢٠١٨، ١٣٨). ئەمەش دەوەستێتە سەر ژمارەی شارەکانی پارێزگاکە، چونکە تاوەکو ژمارەی دانیشتووانی شارستانیی پارێزگاکە بەسەر ژمارەیەکی گەورەتری شارەکاندا دابەش بێت ئەوا دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی بەشی شارەکان لە دانیشتوانەکەی، ئەمەشمان دەست دەکەوێت لە ئەنجامی دابەشکردنی کۆی ڕێژەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم بەسەر ژمارەی شارەکاندا (عبدالعال، ١٩٩٨، ١٥)، هەروەکو لەم یاسایەی خوارەوەدا دیارە.

$$MP = \frac{\sum PC}{n}$$

MP=پێوەریناوەندی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم.

PC=کۆی ڕێژەی سەدی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم.

n =ژمارەی شارەکانی دیکەی دوای شاری یەکەم.

بە تێبینی کردنی خشتەی (١١) دەردەکەوێت کە نرخی پێوەرەکە بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە زۆر نزمە، بەجۆریک بەرزترینیان گەیشتووەتە (٤.٨٩) وە نزمترینیشیان بریتییە لە (٢)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاری هەولێر بە درێژایی ئەو ماوەیە هەژموونێکی توندی هەیە بەسەر شارەکانی دیکەی پارێزگاکەدا.

گەورەترین گۆڕانکاری لە قەبارەی هەژموونی شاری هەولێر کە ڕوویدابێ لە قۆناغی (١٩٥٧- ١٩٧٧) بووە، بەجۆرێک کە ناوەندی قەبارەی شارەکانی دیکە بە ڕێژەی (٥١.٧) کەمی کردووە، بەو واتایەی هەژموونی شاری یەکەم دوو ئەوەندە زیادی کردووە بەسەر شارەکانی دیکەدا. وە بڕی جیاوازی ناوەندی قەبارەی شارەکان لە نێوان سەرەتا و کۆتایی ماوەی توێژینەوەکەدا بریتییە لە (٥٧.٤٦%)، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر بەرزە و بەرەوپێشچوونێکی خێرا و بەرزی هەژموونی شارە گەورەکە دەردەخات.

**خشتەی (١١)**

**ناوەندی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم**

**لە پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی قەبارەی شارەکانی دیکە لەشاری یەکەم | ٤.٨٩ | ٢.٣٦ | ٢.٧٩ | ٢ | ٢.٠٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

### ٤- پێوەری پلەی هەژموونی شاری یەکەم

ئەم پێوەرە ڕەنگدانەوەی ڕاددەی هەژموونی شاری یەکەم دەردەخات بە بەراورد بەو شارانەی کە لە دواوەی دێن. دەکرێت بەهای ئەم پێوەرەمان دەست بکەوێت لە ڕێگای لێدەرکردنی (نرخی ڕەگی دووجای کۆی ڕێژەی سەدی قەبارەی شارەکان لەشاری یەکەم کە لەدوای شاری یەکەم دێن) لە

١٠٠ (عبـدالعال، ١٩٩٨، ١٦)، وەک لـەم هاوکێشـەیەی خـوارەوەدا هـاتووە (عبدالله، ٢٠٠٨، ١٨):

$$DP = 100 - \sqrt{\sum PC}$$

DP = پێوەری پلەی هەژموونی شاری یەکەم
PC = کۆی ڕێژەی سەدی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم

جێگای ئاماژەیە تاوەکو بەهای ئەم پێوەرە بەرزتر بێت، ئەوا ئاماژەیە بە هەژموونی زیاتری شاری یەکەم لە سیستەمی شارنشینیدا وە پێچەوانەکەشی ڕاستە (سلیم، سعید، ٢٠١٤، ١٦٦)
بە جێبەجێکردنی یاسای پلەی هەژموونی شاری یەکەم بەسەر ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگای هەولێر، کە دەرئەنجامەکەی لە خشتەی (١٢)دایە، ئەوا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت کە شاری هەولێر بەدرێژایی ماوەی ساڵانی توێژینەوەکە هەژموونێکی بەرزی سەپاندووە بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەی پارێزگاکەدا، بەجۆرێک پلەی هەژموونی ئەم شارە لەم ماوەیەدا لەنێوان (٩٠.٣١ و ٩٤.٢١)دایە، ئەمەش گرینگی ڕێژەیی قەبارەی شارەکە دەردەخات بەبەراورد بە قەبارەی شارەکانی دیکە، ئەمەش بە بەڵگەی بەرزی دەرئەنجامەکانی پێوەرەکە، بەجۆرێک لە ساڵی (١٩٨٧)دا ئەم نیشاندەرە بەرزترین بەهای تۆمارکردووە و بریتییە لە (٩٤.٢١)، ئەمەش بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی ناوەندە شارستانیەکان بۆ تەنها (١٣) شار لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە هەژمارکردنی دانیشتووانی چەند ناوەندێکی شارستانی لەگەڵ ناوەندی شاری هەولێر، بەجۆرێک ژمارەی دانیشتووانی شارەکانی دیکە تەنها (٢٥.١٩%)ی دانیشتووانی پارێزگاکەی لەخۆ گرتووە.
بەڵام نزمترین بەهای ئەم پێوەرە لە ساڵی (٢٠٢٠)دا تۆمارکراوە، ئەویش بریتییە لە (٩٠.٣١) بە جیاوازی (٣.٩) لەگەڵ ساڵی (١٩٨٧)، دیارە کە ئەمەش لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی ناوەندە شارستانیەکانی ئەم پارێزگایەیە،

بەجۆرێک لەم ساڵەدا نزیکەی نیوەی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکە لەخۆ دەگرن بە ڕێژەی (٤٨.٢%) و بەجیاوازی (٢٣.٠١%) لەگەڵ ساڵی (١٩٨٧).

**خشتەی (١٢)**

**بەهای پێوەری پلەی هەژموونی شاری یەکەم لە پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| پلەی هەژموونی شاری یەکەم | ٩٠.٨٩ | ٩٢.٩٦ | ٩٤.٢١ | ٩٠.٥ | ٩٠.٣١ |
| کۆی ڕێژەی سەدی دانیشتووانی شارەکانی دیکە لە پارێزگا | ٤٥.٤ | ٣٢.٨ | ٢٥.١٩ | ٤٨.٣ | ٤٨.٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

## ٥- پێوەری توندیی هەژموونی شاری یەکەم

ئەم پێوەرە ڕەنگدانەوەی ڕاددەی هەژموونی شاری یەکەمدەردەخات بە بەراورد بەو سێ شارەی کە لەدواوەی دێن، دەکرێت بەهای ئەم پێوەرەمان دەست بکەوێت لە ڕێگای لێدەرکردنی (نرخی ڕەگی دووجای کۆی ڕێژەی سەدی قەبارەی ئەو سێ شارەی لەدوای شاری یەکەم) لە ١٠٠ (عبدالعال، ١٩٩٨، ١٦)، وە هەرچەندە ڕێژەی سەدی کۆی دانیشتووانی ئەم سێ شارە لە چوار شاری یەکەم کەمتر بێت ئەوا ئاماژەیە بۆ بەهێزیی هەژموونی شاری یەکەم وە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

$$HP = 100 - \sqrt{\sum PTC}$$

HP= پێوەری پلەی توندی هەژموونی شاری یەحەم

PTC= کۆی ڕێژەی سەدی دانیشتووانی سێ شاری دوای شاری یەکەم لە چوار شاری یەکەم

بە جێبەجێکردنی پێوەری توندی هەژموونی شاری یەکەم بەسەر قەبارەی دانیشتووانی هەرچوار شارەکە و تێبینی کردنی دەرئەنجامەکەی لە خشتەی (١٣)، دەردەکەوێ کە سەرەڕای جیاوازیی هەژموونی لە نێوان ساڵەکاندا بەڵام شاری هەولێر بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە هەژموونێکی بەهێزی بەسەر سێ شاری دوای خۆیدا هەیە، ئەمەش بە بەڵگەی بەرزیی

دەرئەنجامەکەی کە لە خشتەکەدا دەردەکەوێ. بەڵام بەرزترین پلەی هەژموونی ئەم شارە بەسەر شارەکانی دیکەدا لە ساڵی (١٩٨٧)ە بە تۆمارکردنی ڕێژەی (٩٥.٨٧) وە بەبەڵگەی ئەوەی کە کۆی ڕێژەی دانیشتووانی هەر سێ شارەکەی دوای خۆی نزمترین ئاستیان تۆمارکردووە لەماوەی ساڵانی توێژینەوەکە ئەویش بریتییە لە (١٤.٦٢)، وە شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٥٧) نزمترین ئاستی هەژموونی هەبووە بەسەر سێ شارەکەی تردا، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو سێ شارە بەرزترین ڕێژەی دانیشتووانیان لەخۆ گرتووە لەم ماوەیەدا کە بریتییە لە (٣٤.٣٨) وە دەرئەنجامی توندیی پێوەرەکەش بریتییە لە (٩٢.٧٦) ئەمەش نزمترین ئاستی هەژموونی ماوەی توێژینەوەکەیە بە پێچەوانەی ڕێژەی دانیشتووانی سێ شارەکە کە بەرزترینیان تۆمار کردووە.

**خشتەی (١٣)**

**بەهای پێوەری پلەی توندی هەژموونی شاری یەکەم**

**لە پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| پلەی توندی هەژموونی شاری یەکەم | ٩٢.٧٦ | ٩٥.٧٤ | ٩٥.٨٧ | ٩٥.١٤ | ٩٥.١٥ |
| کۆی ڕێژەی سەدی دانیشتووانی سێ شارەکە لە چوار شاری یەکەم | ٣٤.٣٨ | ١٤.٨٤ | ١٤.٦٢ | ١٩.١٣ | ١٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین لە ئەنجامی جیبەجێکردنی گشت ئەو پێوەرانەی کە تایبەتن بە دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارنشینی و دیاریکردنی شاری باڵادەست لەنێو سیستەمەکەدا، گشت ئەنجامەکان دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ناهاوسەنگیەکی ئاڵۆز هەیە لە سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێر، وە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە و بەئاستێکی بەرزیش شاری هەولێر تاکە شارە کە هەژموونێکی تەواوی هەیە بە سەر شارەکانی دیکەی پارێزگای هەولێردا، ئەمەش گرنگیی ئەم شارە دەنوێنێ لەنێو سیستەمەکەدا.

**دەرئەنجام:** لە کۆتایی توێژینەوەکە گرنگترین دەرئەنجامەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەخەینە ڕوو:

١. ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتووانی ناوەندە شارستانیەکان لەماوەی توێژینەوەکەدا ئاستێکی بەرزی تۆمارکردووە، بەجۆرێک لە تەواوی ماوەکەدا ڕێژەی گەشەی شارنشینی بریتییە لە (٥،١٥%)، وە بەرزترین ڕێژەش لە ماوەی (١٩٧٧-١٩٨٧) تۆمارکراوە گەیشتووەتە (7.54%) نزمترینیش بریتییە لە (٢.٥%) کە لە کۆتا ماوە تۆمارکراوە.

٢. بە درێژایی ماوەی ساڵانی توێژینەوەکە و بە تێپەڕبوونی کات ڕێژەی قەبارەی دانیشتووانی شارنشین لە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە لە بەرزبوونەوەدا بووە، بەشێوەیەک لە سەرەتای ماوەکەدا ڕێژەکە لە (٢٦.٧٢%) بەرز بووەتەوە بۆ (٧٦.٤٧%)لە کۆتا ماوەدا، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرا و پلەیەکی بەرزی بەشارستانیبوونی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر دەردەخات.

٣. هۆکاری سەرەکی لە گەشەی دانیشتووانی شارنشین و زیادبوونی قەبارەکەیان بریتی بووە لە کۆچی دانیشتووان بەرەو ناوەندە شارستانیەکان نەوەک گەشەی سروشتی.

٤. هەڵکشان و داکشانێکی گەورە بەسەر ژمارەی ناوەندە شارستانیەکاندا هاتووە، بەجۆرێک ژمارەکەیان لە ساڵی (١٩٥٧) لە (١٨) ناوەندەوە زیادی کرووە بۆ (٢٢) ناوەند لە ساڵی (١٩٧٧)، کەچی لە ساڵی (١٩٨٧) ژمارەکەیان داکشاوە بۆ تەنها (١٣) ناوەند، پاشان جارێکی تر ژمارەی ناوەندە شارستانیەکان بەرز دەبێتەوە بەجۆرێک لە ساڵی (٢٠٠٩) ژمارەکەیان دەگاتە (٤٦) ناوەند.

٥. شارە بچووکەکان بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە ڕێژەیەکی بەرزی شارەکانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، بەجۆرێک لە کۆتا ماوەدا ڕێژەی (٣٢.٦%)ی شارەکانیان پێکهێناوە کەچی تەنها (١.٢٦%) ی قەبارەی دانیشتووانی شارنشینیان تیادا کۆ بووەتەوە.

٦. شاری یەکەم کە شاری هەولێرە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگاکەی پێکهێناوە، بەجۆرێک لە

تەواوی ماوەکەدا (١٩٥٧-٢٠٢٠) ڕێژەی قەبارەی شاری یەکەم لە کۆی قەبارەی شارەکانی دیکە لەنێوان (٥١.٦٩-٧٤.٨%)دایە.

٧. بەگوێرەی گشت ئەو پێوەرانەی کە تایبەتن بە دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارنشینی دەرکەوتووە کەموکوریەکی گەورە و نا پێگەیشتوو لە سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێردا هەیە، هۆکاری سەرەکیش لەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەژموونێکی بەهێزی شاری هەولێر بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەی نێو سیستەمەکە، ئەمەش خەسڵەتێکی نەرێنییە بۆ ئەم سیستەمە، چونکە هەر دارمانێک بەسەر شاری یەکەمدا بێت تەواوی سیستەمەکە دەگرێتەوە.

٦ - **پێشنیاز:** لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکان دەکرێت ئەم پێشنیازانە بخەینە ڕوو:

١. دانانی کۆت و بەندی بەهێز بۆ ڕێگریکردن لە کۆچی دانیشتووان بەرەو ناوەندە شارستانیە گەورەکان و ئاراستەکردنیان بەرەو ئەو ناوەندانەی بچووک و کەم دانیشتووانن.

٢. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان نێوەندە شارستانیە گەورە و بچووک و مامناوەندەکان لە لایەک و ناوەندە شارستانیەکان و ناوچە لادێییەکان لە لایەکی دیکەوە، ئەمەش لە ئەنجامی دامەزراندن و دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتییەکان و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتووان.

٣. دووبارە ڕێکخستنەوە و دابەشکردنەوەی ناوەندە کارگێڕیەکان لەسەر بنەمای زانستی و پێویست بوون.

٤. هاندان و ئاراستەکردنی کەرتی گشتی و تایبەت بە مەبەستی وەبەرهێنان لە شارە بچووک و مامناوەندەکان بەئامانجی گەشەپێدانی هاوسەنگ لە تەواوی پارێزگاکەدا.

## ٧ـ سەرچاوە

### ٧ـ١ـ پەرتووک:


١. اسماعيل، احمد على (١٩٨٢)، دراسات فى جغرافية المدن، مكتبة سعيد رافت، ط٢، القاهرة.

٢. المطرى (١٩٨٩)، السيد خالد، دراسات فى مدن العالم الاسلامى، معهد البحوث والدراسات العربية، دار النهضة العربية: بيروت.

٣. ابوصبيحة، كايد عثمان (٢٠٠٧)، جغرافية المدن، ط٢، دار وائل للنشر.

٤. الشواورة، على سالم (٢٠١٢)، جغرافية المدن، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.

٥. هرورى، نشوان شكرى (٢٠١٢)، سكان محافظة دهوك (١٩٤٧-٢٠٠٦)- اتجاهات النمو وطبيعة التوزيع (دراسة جغرافية-كارتوجرافية وفق المناهج البحثية المعاصرة ونظم المعلومات الجغرافية)، مطبعة الحاج هاشم، اربيل.

٦. عطوى، عبدالله (٢٠٠١) جغرافية السكان، دار النهضة العربية، بيروت.


### ٧ـ٢ـ تێزی زانستی:


١. عزيز، روستم سلام (٢٠١٣) المدن الصغيرة والمتوسطة فى محافظة اربيل (دراسة فى التوازن الحضرى والاقليمى)، اطروحة دكتوراه، (غير منشورة)، مقدمة الى مجلس فاكلتى التربية، جامعة كوية، قسم الجغرافيا.

٢. الخزاعى، نور كريم سكران ( ٢٠١٨) الهيمنة الحضرية لمدينة السماوة على مدن محافظة المثنى، رسالة ماجستير، غير منشورة، مقدمة الى مجلس كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة المثنى، قسم الجغرافيا.


### ٧ـ٣ ـ گۆڤار و دەرکراوە خولیەکان:


١. الجارالله، احمد (١٩٩٦) تحليل النظام الحضرى السعودى بتطبيق الصيغة التقليدية والمعدلة لقاعدة المرتبة والحجم، مجلة العربية للعلوم الانسانية، العدد (٥٥)، السنة الرابعة عشر.

٢. ابو قرين، عنتر عبدالعال (٢٠١٤) تحليل النظام الحضرى فى وادى النيل بمصر، مجلة العلوم الهندسية، جامعة اسيوط، قسم الهندسة، العدد (١).

٣. سليم و سعيد، هيوا صادق، كامران تاهير(٢٠١٤) ئاراستەكانی بەشارستانیبوون و گردبوونەوەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، گۆڤاری زانستە ئەكادیمیەكان، زانكۆی گەرمیان، ژمارە (٤).

٤. محمد و يوسف، فؤاد عبدالله، رفلة يعرب (٢٠١١) مؤشرات الهيمنة الحضرية لمدينة النجف، مجلة البحوث الجغرافية الحضرية لمدينة النجف، العدد (٢١).
٥. محمد و رضا، فؤاد عبدالله، رشا جبار محمد (٢٠١٦) التراتب الحجمي لمدن النظام الحضري في محافظة بابل للمدة ١٩٩٧-٢٠١٥، مجلة كلية التربية للبنات للعلوم الانسانية، جامعة الكوفة، العدد (١٨)، السنة العاشرة.
٦. عبدالعال، احمد محمد (١٩٩٨) مقاييس كمية مقترحة لبعض الظاهرات الجغرافية، المجلة العلمية لكلية الاداب، جامعة المنيا، القاهرة، المجلد (٢٩)، العدد (٤١).
٧. وزان، كنده (٢٠١١) الخصائص الجغرافية للنظام الحضري في محافظة اللاذقية (سورية)، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية- سلسلة الاداب والعلوم الانسانية، المجلد (٣٨)، العدد (٢).
٨. عبدالله ، نشوان شكري، ٢٠٠٨، تطور مظاهر الهيمنة والتركيز الحضري في محافظة دهوك (١٩٤٦-٢٠١٧)، مجلة جامعة دهوك، المجلد (١١)، العدد (٢).

**٧-٤- چاپەمەنی و نووسراوە حکومیەکان**

١. الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية للتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي الموصل واربيل ولكافة العراق، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٦٣.
٢. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، محافظة اربيل و لكافة العراق، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٧٨.
٣. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة اربيل و لكافة العراق، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٨.
٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ژووری ئامار، داتای گەمارۆسازی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر (٢٠٠٩).
٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ژووری ئامار، ئاماری دانیشتووانی پارێزگای هەولێر (٢٠٢٠).
٦. هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی سیستمی زانیاری و نەخشەسازی، نەخشەی عێراق و هەرێمی کوردستان (٢٠٢٠).

**٧-٥- ئەتڵەس:**

١. حداد و مەحمود، هاشم یاسین حمدامین، کامران ولی (٢٠١١) ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، چاپی دووەم.
٢. حداد و مەحمود، هاشم یاسین حمدامین، کامران ولی (٢٠٠٩) ئەتڵەسی هەرێمی کوردستان و عێراق، چاپخانەی تێنووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر.

# الملخص

## خصائص النمو والهيمنة الحضرية في محافظة اربيل ـ (١٩٥٧ ـ ٢٠٢٠)

يعتبر النمو الحضري من ابرز الظواهر الجغرافية في العالم، بحيث يتمركز عدد كبير من السكان بشكل غيرمتساوي في بعض المراكز الحضرية، بالتالي تؤدي إلى ظهور مشكلة عدم توازن الحجمي للمراكز الحضرية بالاضافة الى الهيمنة الحضرية. و في محافظة اربيل في فترة مابين (١٩٥٧-٢٠٢٠) حدثت تغييرات كبيرة في النمو الحضري التي انعكست على جميع جوانب النظام الحضري في المحافظة .

تهدف الدراسة إلى تحديد التغييرات التي طرأت على النظام الحضري في محافظة اربيل خلال فترة الدراسة مع ابراز جوانب الهيمنة الحضرية في المحافظة.

تنقسم خطة الدراسة الى ثلاث مباحث، الأولى تبحث في تطور نمو السكان ونسبة التحضر في المحافظة. أما المبحث الثاني فقد ناقش خصائص النظام الحضري، وفي المبحث الأخير من خلال عدد من المعاير تم قياس خصائص الهيمنة الحضرية. و في الختام توصلت الدراسة الى مجموعة من النتائج، ابرزها عدم توازن النمو و زيادة حجم سكان المراكز الحضرية، وقد فرضت مدينة اربيل هيمنتها على جميع المراكز الحضرية في المحافظة خلال فترة الدراسة.

## Abstract

### Characteristics of growth and Urban Primacy in Erbil governorate (1957-2020)

Urban growth is one of the most prominent geographical phenomena in the world, as a large number of people are unevenly concentrated in some urban centers, and thus lead to the emergence of the problem of volume imbalance in urban centers in addition to Urban Primacy. And in Erbil Governorate, in the period between (1957-2020) there were significant changes in urban growth that were reflected in all aspects of the urban system in the governorate.

The study aims to determine the changes that occurred in the urban system in Erbil governorate during the study period, while highlighting the aspects of urban Primacy in the governorate.

The study plan is divided into three sections. The first studies the development of population growth and the rate of greening in the governorate. As for the second topic, it discussed the characteristics of the urban system, and in the last topic, through a number of criteria, the characteristics of urban Primacy were measured. In conclusion, the study reached a set of results, most notably the imbalance of growth and the increase in the population of urban centers, and the city of Erbil imposed its Primacy over all urban centers in the governorate during the study period.